# شەڕی چەکداری کورد لە تورکیا و چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی

ڕێباز ڕەسوڵ خدر[1] - هیوا محمود عبدالله[2]

[1+2] بەشی یاسا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

پرسی کورد یەکێکە لە پرسە ئاڵۆزەکانی هەرێمی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە مێژویەکی خوێناوی دێرینی هەیە. ئەگەرچی پرسەکە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە سەروەری گەلی کوردەوە هەیە بەسەر جوگرافیا مێژوییەکەیدا، بەڵام لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییە جیۆسیاسییەکاندا، ئەمڕۆ شێوەیەکی تری وەرگرتوەو بوەتە پرسی شوناس و ماف لەو دەوڵەتانەی، کە بەسەریاندا دابەشبوە. تورکیا یەکێکە لەو دەوڵەتە نوێیانەی، کە زۆربەی نەژادی کورد ئەمڕۆ نیشتەجێیە تیایدا، بەڵام دەوڵەت نکوڵی لە تایبەتمەندی جیاوازی کوردان دەکات و دان بە شوناسیان، وەک کەمینەیەکی ئیتنیکیدا نانێت لەچوارچێوەی دەستور و یاساکانیدا، لە دەرئەنجامدا، لە مافە مەدەنی و سیاسییە بەکۆمەڵەکانی، لەشێوەی خۆبەڕێوەبەرییەکی دیموکراسی ناوخۆیی بێبەشی کردون، لەکاتێکدا کورد، ترادسیۆنێکی مێژوی و هۆمۆجێنیەتی کلتوری و یەکێتی زمانەوانی و پەیوەندییەکی جوگرافی تایبەتی هەیە و بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی نوێ دەچێتە چوارچێوە و پێناسەی گەل، گەلیش شایستەیە بە مافی خۆبەڕێوەبەری سیاسی، بەلای کەمەوە لە ناوخۆی دەوڵەتەکەدا. لەبەرامبەر سیاسەتی نکوڵی دەوڵەت و پیشێلکاری مافەکانیدا، کورد ملکەچ نەبوە و بەرەنگاری دەوڵەتی کردوە؛ لەبەرەنگاری دەوڵەتیشدا، هەوڵی داوە، کە میکانیزمی ئاشتیخوازانە بەکاربهێنێت لە شێوەی داواکاری و ڕێککەوتن و لەسەردەمی نوێشدا لەشێوەی پێکهێنانی پارت و ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنیدا، بەڵام دەوڵەت دەرفەتی وەها جوڵانەوەیەکیشی زۆر بە سنورداری داوە، بۆیە بەناچاری پەنای بردۆتە بەر شەڕ و ڕوبەڕوبونەوەی چەکداری. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، کە لەپاڵ ناساندنی شەڕی کورد لە تورکیادا، لەژێر کاریگەری میدیا و دیبلۆماسیەتی تورکدا بە تیرۆر، بە میتۆدێکی وەسفی شیکاری و لە ژێر ڕۆشنایی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی نوێدا، بنچینە و چوارچێوەی یاسایی شەڕەکە ڕونبکاتەوە.

**کلیلە وشەکان:** کێشەی کورد؛ مافە مەدەنی و سیاسیەکان؛ کەمینەی ئتنیکی؛ مافی چارەی خۆنوسین؛ بنەمای سەروەری و یەکێتی خاک؛ شەڕی چەکداری.

**"ئێمە ئاشتی بەرجەستە دەکەین، تەنانەت ئەگەر شەڕیش بکەین لە پێناویدا"**

"Dwight D. Eisenhower"

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(3).Paper30
**Received:** 04-Aug-2022
**Accepted:** 02-Oct-2022
**Published:** 29-Sep-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
rebaz.khdir@uor.edu.krd
hiwa.m.abdalla@uor.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

### ناساندنی توێژینەوەکە:

پرسی کورد یەکێکە لە پرسە خوێناوییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە مێژودا سروشتێکی جوگرافی_نەتەوەیی هەیە، بەڵام لە سەردەمی هاوچەرخدا تایبەتمەندییەکی یاسایی_ئیتنیکی وەرگرتوە لەژێر کاریگەری گۆڕانکاریە جیۆسیاسیەکان و ڕێسا یاساییە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ. تورکیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە بەشێکی گەورە لە خاکی مێژوی کوردان بەبەشێک لەجوگرافیای خۆی دەزانێت و خەڵکی کوردی نیشتەجێ لەسەر خاکەکەشی بە تورکی ناشارستانی ناساندوە (بێشکچی، ٢٠٠٦: لا ٢٢-٣٢)، بۆیە مێژوی پەیوەندی نێوانیان وەک سیستەمێکی سیاسی و کیانێکی کۆمەڵایەتی هەمیشە لە تەنگەژەی قوڵدا بوە و ئەو تەنگەژەیەش باجێکی گەورەی مرۆی و ماددی خستۆتە سەر شانی هەردولا. بنچینەی تەنگەژەکە لە ئێستادا بریتییە لە سوربونی کوردان بۆ دانپێدانانێکی فەرمی تورکیا بە کیانەکەیان، وەک کیانێکی ئیتنیکی جیاوازو خۆبەڕێوەبەرییەکی سیاسی لەناوچەکانی خۆیان (ئۆج ئالان، ٢٠٠٩: لا ٤٧٣-٤٧٩)، لەلایەکەوە و بەردەوامی تورکیا لەسەر نکوڵیکردنی پێگە یاساییەکەیان و مافە مەدەنی وسیاسیەکانیان لەشێوەی خۆبەڕێوەبەری، لەلایەکی ترەوە. لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی نوێدا، کورد پێگەی کەمینەی ئیتنیکی هەیە و بەگوێرەی تایبەتمەندییە مێژوی و جوگرافی و زمانەوانی و کلتورییەکانی، بە گەل هەژماردەکرێت و هەمو گەلێکیش مافی هەبونی خۆبەڕێوەبەری سیاسی هەیە، بەڵام تورکیا ئەو مافەی کورد پێشێل دەکات، زیاتر لەوەش وەک پێویست ڕێگە بە کورد نادات، کە خۆی لە چوارچێوەی پارت و ڕێکخراوی سیاسیدا ڕێک بخات و میکانیزمی شارستانی بۆ فشارکردن لە گۆڕانکاری دەستوری و یاسای بەکاربهێنێت (OUNHCHR, 2017: pp. 20–23)، لە دەرئەنجامدا کورد بەناچاری و وەک دواچارەسەر، پەنای بۆ میکانیزمی چەکداری بردوە و لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت، کە ماف و ئازادییەکانی بەدەستبهێنێت.

### گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە پرسی کورد لە تورکیا و بەتایبەت شەڕی چەکداری کورد لە دژی دامەزراوە سەربازییەکانی تورکیا، لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی نوێدا هەڵدەسەنگێنێت و هەوڵدەدات لەسەر

بنەمای بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و ڕاستیە یاساییەکان ڕونی بکاتەوە، کە شەڕ میکانیزمێکی قەدەغەکراوە لەیاسای نێودەوڵەتیدا تا ئەو کاتەی، کە دەوڵەت ڕێز لەماف و ئازادییە بنچینەییەکانی مرۆڤ دەگرێت یان میکانیزمی ئاشتیانە و مەدەنیانە بەردەست دەخات بۆ دەربڕینی نارەزایی لەبەرامبەر پێشێلکاری ماف و ئازادیدا. لەئەگەری پێشێلکاری بەردەوام و بەردەستنەبونی میکانیزمە مەدەنییەکان، مرۆڤ دەتوانێت پەنا بۆ شەڕو ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری ببات لەدژی حکومەت لە پێناو گێڕانەوەی ماف وئازادییە زەوتکراوەکانیدا.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە لە کاتێکدا جیهان بە گشتی تەنیا ڕویەکی پرسی کورد لە تورکیا دەبینێت، کە توندوتیژی کوردە، لەڕێگەی هێرشی چەکدارییەوە بۆسەر دامەزراوە سەربازییەکانی تورکیا، لەژێر کاریگەری دیبلۆماسیەت و میدیای تورکدا، دیوەکەی تری پرسەکە، کە بنچینەی تەنگژەکەیە لە سیاسەتی نکوڵی ئیتنیکی و کلتوری تورکیا لەبەرامبەر کوردا، پیشان بدات وەک پاساوێک بۆ ڕەوایەتی شەڕی چەکداری کورد لەژێر ڕۆشنایی ڕێسا پەیوەندیدارەکانی یاسای نێودەوڵەتیدا.

## چوارچێوەی توێژینەوەکە:

چوارچێوەی ئەو توێژینەوەیە شەڕی چەکداری کورد بەگشتی لە تورکیا دەگرێتەوە، نەک بەتەنیا شەڕی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)[١]. ئەگەرچی 'پەکەکە' هێزی سەرەکی چەکداری کوردە لە ئەمڕۆی تورکیا دا و زۆربەی هێزەکانی تر، ئۆرگانی ڕێکخراوەکەن یان نزیکایەتی ئایدۆلۆژی و سیاسییان هەیە لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا، بەڵام هێزی تریش هەبون و هەن، کە ئەگەر کەمیش بوبێت جموجۆڵی چەکدارییان هەبوە لەدژی هێزە چەکدارەکانی تورکیا (بڕوانە: ئەحمەد، مەحمود، ٢٠١٤: ٣١٨٧-٣٢٢). هاوکات، وەڵامی جەوهەری دەرئەنجامی توێژینەوەکە، پەیوەندیدار نییە بە سروشت و پێکهاتە و ئایدۆلۆژیای هێزەکان، بەڵکو پەیوەندیدارە بەمیکانیزمی ڕووبەڕووبونەوەی هێزەکان لە گەڵ تورکیادا، بۆیە توێژەران تاڕادەیەکی زۆر خۆی لەناوهێنانیشیان پاراستوە.

## پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، کە وڵامی پرسیارێکی گرنگبداتەوە سەبارەت بە یاساییبون یان نایاساییبونی شەڕی چەکداری کورد لە تورکیادا، لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا، لەڕێگەی وروژاندن و وڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی ترەوە، کە پەیوەندیدار و بنچینەین بۆ ڕەوایەتی یان ناڕەوایەتی شەڕەکە: ئایا کێشەی کورد لە تورکیا کێشەی جوگرافیا و سەروەرییە یان کەمینە و ماف لە ئەمڕۆدا؟ ئایا پێگەی کورد لە تورکیادا چییە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێسا نوێیەکانی یاسای نێودەوڵەتیدا؟ ئایا کورد مافی چارەی خۆنوسینی هەیە، بەلای کەمەوە لە تێگەیشتنێکی ناوخۆیدا؟ ئایا کورد میکانیزمی سیاسی و مەدەنی لەبەردەستە لە تورکیا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پێشێلکاری مافەکانی؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە گریمانە دەکات، کە لەچوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی نوێدا، ڕێزگرتن و دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد لە تورکیادا گرنگتر و لەپێشترە لە بیانوەکانی سەروەری و یەکیتی خاک لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، بەجۆرێک کە ئەو ڕەوشە سیاسی و یاساییە ئاڵۆزەی لەو وڵاتەدا هەیە پەیوەندیدار بە گەلی کورد، پاساوی شەڕی چەکداری لەدژی دامەزراوە سەربازییەکانی تورکیا، وەک میکانیزمێکی یاسایی و ڕەوا دەدات.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدێکی وەسفی شیکاری دەبەستێت لە باسەکانیدا و لەسەر ئەو بنەمایە، لێکۆڵینەوە مێژووییەکان و بەڵگەنامەی یاساییە نێودەوڵەتییەکان و دەستورەکانی تورکیا ڕوندەکاتەوە و دەرئەنجامێکی مێژوی و یاسای دەخاتە بەردەست.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە چەند باسێکی سەرەکی پێک دێت، کە ئەمانەن: کورتە باکگراوندێکی مێژوی کێشەی کورد و تورکیا، پێگە و مافی کورد لە چوارچێوەی یاسای نێودولەتی لەتورکیادا، پێگەی کورد لە دەستورەکانی تورکیادا، کورد و هەبونی مافی مەدەنی و سیاسی لە تورکیادا، کورد و مافی بەرگری چەکداری لە تورکیادا.

## باسی یەکەم: کورتە باکگراوندێکی مێژوی کورد لە تورکیا

سەرباری قوڵایی مێژویی پرسەکەی، کوردەکان گەلێکن لەگەڵە ڕەسەنەکانی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئەحمد، ڕەشید، ٢٠١١: لا ١٥–١٩٥؛ مەندەلاوی، ٢٠١٢، لا ٢٣–١٦٧). پرسی کورد لەبنچینەدا سروشتێکی جوگرافی_کلتوری هەیە و هەر لەو چوارچێوەیەشدا خەباتی بۆ کراوە؛ داگیرکردنی خاکەکەی و نەبونی سەروەری بەسەریەوە وایکردوە کورد لە سەدەکانی ڕابردودا، وەک کارەکتەر قبوڵنەکرێت و لە مافە نەتەوەییەکانی سودمەندنەبێت، تەنانەت لە دوای دەرکەوتنی یاسا پەیوەندیدارەکان بە گەلانی ژێر دەستە و کەمینەکان، تێکۆشانی ئازادی کوردان هەمیشە لە چوارچێوەی یاخیبون و تێکدان وترس و تۆقینی خەڵکانی داگیرکاردا پێناسە کراوە (بێشکچی، ١٩٩١، لا ٣٤ –٣٦).

تورکیای نوێ[٢] یەکێکە لەو دەوڵەتانەی، کە پێگەیەکی جیۆپۆلەتیک و جیۆئیکۆنیمیک و سەربازی گرنگ و کاریگەری هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ هەرچەندە بەگوێرەی مێژو، تورک خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە نین و نیشتیمانی دیرینی ئەوان ئاسیای ناوەڕاستە، نەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (خلیل، ٢٠٠٢: ص١٣–١٦)، بەڵام لێهاتوی و کارامەیی سەربازی و سیاسییان کردونی بە نەتەوەی سەردەست لە ناوچەکە، بەجۆرێک کە تا ماوەیەکی زۆر حکومڕانی تەواوی هەرێمەکە و بەشێکی گەورەی ئەفریقا و ئەوروپا و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ئاسیاشیان کردوە (زین العابدین، ٢٠١٠: ص ٢١٥).

مێژوی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر دێرینترە لە هاتنی تورکەکان و نیشتەجێبونیان لە ناوچەکە و فەرمانڕەوای شەش سەد ساڵەی ئاینییان، بەڵام بەدەرکەوتنی ئەوان پرسەکە چوەتە قۆناغی مەترسی ئێتنیکی و کلتورییەوە (بێشکچی، ١٩٩١، لا ٦٥–٦٦: بێشکچی، ٢٠٠٦: لا ٣١–٤٠). بەدرێژایی فەرمانڕەوای دەوڵەتی

عوسمانی لەناوچەکە بەتایبەت لە دوای سەدەی (١٦)ەوە هەتا سەرەتاکانی سەدەی (١٩)، کورد پێگەیەکی ئیتنیکی سەربەخۆ و ستاتیۆیەکی نیمچە ئۆتۆنۆمی هەبوە، بەڵام ئەوە لەژێر کاریگەری ڕێسا ئیسلامییەکان و نەریتی پێشینەی خەلافەتی ئیسلامیدا بوە، لەلایەک وسیاسەتێکی ئاسایشی ئیمپراتۆریەتیش بوە بۆ سەندنی باج و بەسەربازکردنی کوردان لە ناوچە کوردنشینەکان و ڕووبەڕوبونەوەی مەترسی دەرەکی، لەلایەکی ترەوە (Arakon, 2014: p. 140). لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، پرسی کورد چوەتە قۆناغێکی مەترسیدارترەوە لەگەڵ دەرکەوتنی بیروباوەری ناسیۆنالیستی تورکی، ئەو مافە کەمانەی کە عوسمانییەکان بە کوردیاندابو لە بەرامبەر گەرەنتیکردنی مانەوەی ئیمپراتۆریەت، کەمالیستەکان ئەویشیان زەوت کرد (ئەحمەد، مەحمود، ٢٠١٤: لا ٨٨–٩٠)؛ کەمالیستەکان پێگەی تورکی شاخ و دواکەوتویان بە کورددا لە بەرامبەر بنچینە ئیتنیکیە جیاوازەکەیدا و نکوڵیان لە هەر مافێکی خۆبەڕێوەبەری کرد بۆیان لە سنوری تورکیایی نوێدا (بێشکچی، ٢٠٠٦: لا ٣١)، هۆکارە سەرەکیەکەش بریتیبو لە ترسی دابەشبونی زیاتری تورکیا لەلایەن خەڵکانی ڕەسەنی ناوچەکە و نەمانی خاک بۆتورکەکان (Arakon, 2014: p.144).

لە دوای نزیکەی حەوت دەیە لە حوکمڕانی کەمالیستەکان لە تورکیادا و گەیاندنی کێشەی کورد بە بەرزترین ئاستی مەترسی، کە قۆناغی دوژمنایەتی ئیتنیکی بو لەگەڵ تورکدا، دواجار ئیخوانەکان بە هەندێک کرانەوەی مەدەنیانە و گۆڕانکاری کەمی کلتوریی بۆ کوردان لە دەسەڵات جێگیربون (لوتفی، ٢٠٠٨: لا ١٧٥–١٧٦)، بەڵام دوای تەنیا یەک دەیە، دیوە ناسیۆنالیستەکەیان دەرکەوتەوە، و لە بانگەشەی ڕیفۆرمی دەستورییەوە کەوتنەوە بیانوی ئاسایشی نەتەوەیی و یەکێتی خاک (لوتفی، ٢٠٠٨: لا ١٥٧–١٧٠).

لە بەرامبەر سیاسەتی مێژویی نکوڵی ئیتنیکی و کلتوری دەوڵەتدا، کورد هیچ شتێک لەبەردەمیدا نەماوە جگە لە بەرگریکردن و بەرەنگاری، بۆیە دەستیکردوە بە تاقیکردنەوەی هەمو میکانیزمەکان لەڕێگە و ڕێبازە مەدەنییەکانەوە تا شەڕو تێکۆشانی چەکداری. لە سەروبەندی ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانییەوە تا کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردو، کورد لە تێکۆشانی سیاسی و ڕۆشنبیریدا بوە و هاوکات چەندین جار شۆڕش وسەرهەڵدانی کردوە، لەوانە: سەرهەڵدانی کۆچگیری (١٩٢١)[٣]، شۆڕشی بەیتوشەباب (١٩٢٤)[٤]، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)[٥]، شۆڕشی ئارارات (١٩٢٧–١٩٣٠)[٦]، ڕاپەڕینی دەرسیم (١٩٣٧)[٧]، بەڵام هەمو سەرهەڵدان و شۆڕشەکان بە ئاگر و ئاسن سەرکوتکران و نەگەیشتنە ئامانجی کۆتایی (لازاریف، ٢٠١٢: لا ٣٣٨–٣٣٩، ٣٥٨–٣٦٣، ٣٧١–٣٧٥، ٣٨٢–٣٨٤). هێشتا نەدەوڵەت لە ئینکاری و نکوڵی مافی کورد کەوت، نەکوردیش دەستەوەستان مایەوە.

دامەزراندنی 'پەکەکە' لە ساڵی (١٩٧٨)، وەک ڕێکخراوێکی سیاسی و چەکداری، هەنگاوێکی ڕیشەیی بو بۆ دەستپێکردنەوەی ناڕەزاییەکان لە تورکیادا (کوچوک، ١٩٩٦: لا٦٤–٦٧). کورد هاوشان لەگەڵ شەڕی چەکداری، لە سەرەتای نەوەدەکان بەرهەڵستی مەدەنیشی دەستپێکرد، بۆ ئەوەی هەرکات دەوڵەت ڕێزی لە داواکاری دیموکراسیانەی خەڵک گرت لەناوچە کوردییەکان، ئەویش ئیتر دەستبەرداری ڕووبەڕوبونەوە چەکدارییەکەی بێت، بەڵام کەم پارتی یاسایی کورد هەیە لە تورکیا، کە دوای چەند ساڵێکی کەم دانەخرابێت و کەم سیاسی و

ڕۆشنبیری ڕاستەقینەی کوردیش هەیە، کە زیندانی نەکرابێت و ئەشکەنجە نەدرابێت، تەنانەت زۆرێکیشیان غافڵکوژکراون (جودی، ٢٠٠٨، لا ٣٦٥–٥١٩).

## باسی دووەم: پێگە و مافی کورد لە ژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی لە تورکیادا

لە بەستنی یەکەمین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی کە باوەڕدەکرێت لە نێوان هەردو دەوڵەتە شاری سومەر: (لکش) و (آما) لەساڵی(٣١٠٠) بەر لەزاین واژۆکرابێت (عبو، ٢٠١٥: ص٧) هەتا دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، یاسای نێودەوڵەتی هیچ نەبوە، جگە لە کۆمەڵێک ڕێککەوتننامە و پەیماننامەی پەیوەندیدار بە جەنگ و ڕێگا و شێوازەکانی شەڕکردن و چارەسەرکردنی کێشە و ململانێ نێودەوڵەتییەکان بە ڕێگای دانوستان و ئاشتەوایی سیاسی لە نێوان دەوڵەتاندا (Nussbaum, 1954: pp.1– 150). بە واتایەکی تر، کارەکتەری سەرەکی یاسای نێودەدەوڵەتی بریتیبوە لە دەوڵەت و هیچ جێگایەک بۆ کەمینە نەتەوەی و ئیتنیکیەکان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و شۆڕشگێری نەبوە.

یاسای نێودەوڵەتی کلاسیک سیستەمێکی یاسایی بو، کە لە سەر بنەمای سەروەری و یەکسانی سەروەری نێوان دەوڵەتان بنیادنرابو، کە بە سیستەمی (وێستفالیا)[٨] ناسراوە (وەیسی، ٢٠١٢: لا ١٥–١٦). یاساکە مافی تایبەتی دەدا بە دەوڵەتان بۆ پیادەکردنی دەسەلاتیان بەسەر هاووڵاتیەکانیاندا لە چوارچێوەی خاکەکەیاندا. بنەمای سەروەری ئەرکێکی نێودەوڵەتی وەک بنەمایەکی تری یاسای نێودەوڵەتی دروستکردبو، کە بنەمای دەستوەرنەدان بو لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر. ئەو دو بنەمایە هێندە گرنگ بون بەلای دەوڵەتانەوە، کە لە نێوان ئامانج و مەبەستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیشدا کۆپیکرانەوە ((UN Charter, 1945: Art. 2 (1), (7)).
کاریگەری نەرێنی ئەو دو بنەمایە لە فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنێکی سەرکوتکارانەی ناوخۆدا دەبینرا بەتایبەت لە و دەوڵەتانەی، کە کۆمەڵگاکانیان لە گروپی ئیتنیکی و زمانەوانی و ئاینی و مەزهەبی جیاواز پێکدەهاتن. بە واتایەکی تر، یاسای نێودەوڵەتی کلاسیک یاسایەک بو، کە گرنگی نەدەدا بە تایبتمەندی و چۆنیەتی فەرمانڕەوایی وڵاتانی خاوەن سەروەری، چونکە فەرمانرەوایی دیموکراسیانە مەرجی دەوڵەتبون و ئەندامبون نەبو لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا.

فەرمانڕەوایی و فۆرمەکانی فەرمانڕەوایی مێژویەکی سەربەخۆ و دورودرێژتریان لە ڕێسا یاساییە پەیوەندیدارەکان هەیە، بەجۆریک کە پتر لە چوارچێوەی مێژوی زانستی سیاسیدا جێگا دەگرن، نەک زانستی یاساییدا. لەوانەیە چەمکی دیموکراسی جێگای بایەخی زۆری تیۆریستان و یاساناسان بوبێت لە ڕابردودا، بەڵام تا دوای دەرچونی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی (١٩٤٨)، هیچ ڕێسایەک نەبوە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا پەیوەندیداربە فەرمانڕەوایی، شێوازی فەرمانڕەوایی گەل، ستاتیۆی خەڵکانی داگیرکراو، کەمینەکان، تێکۆشانی ئازادی لە هەمبەر سەرکوتکاری. توێژینەوەکان پیشانی دەدەن، کە تا ساڵانی هەشتاکانیش تەنیا یەک لەسەر سێی وڵاتانی دنیا دیموکراسی بونە (Crawford, 2000: p. 95).

لە دوای دەرچونی 'جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ'ەوە، دیموکراسی وەک مافی مرۆڤ دانپێدانرا و لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی ساردیش[٩]، دیموکراسی بو بە بنەمایەک لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، هاوشان

لەگەڵ بونی بە ئایدۆلۆژیای سیاسی سەردەست لە دنیادا (Wouters, Bart *et al.*, 2004: pp. 8–10). ئەگەرچی پێناسەیەکی گشتگیر و قبوڵکراو بۆ چەمکی دیموکراسی لە یاسای نێودەوڵەتیدا نییە، بەڵام یاساناسان دەگەڕێنەوە بۆ پێناسە سیاسیەکەی و لەو تێگەیشتنەوە هەڵسەنگاندن بۆ چەمکەکە و ڕەهەندەکانی دەکەن. لەوانەیە گشتگیرترین و قبوڵکراوترین پێناسەش کە تائێستا بۆ ئەو چەمکە کرابێت، پێناسەکەی (ئەبراهام لینکۆڵین) بێت کە بەپێی ئەو پێناسەیە، دیموکراسی واتا "حکومەتی گەل؛ حکومەتێکی پێکهاتو لەلایەن گەل و حکومەتێک بۆ خزمەتی گەل" (Lincoln, (4 July 1861): 4: 426). بەواتایەکیتر، دیموکراسی لەتێگەیشتنە یاساییە نێودەوڵەتیەکەشیدا واتە: ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازادانە و ڕێکخراو، هەبونی سیستەمێکی فرە پارتی، گەرەنتیکردنی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ، ڕەوایەتی دەستوری یان هەبونی دەوڵەت لە چوارچێوەی پابەندی بە جێبەجێکردنی ڕێسا یاساییەکان (بەشیری، ٢٠٠٥: ٧–١٦١).

جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ماددەی (٢١)، بڕگەی (١)دا بانگەشەدەکات بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا: "هەمو کەسێک مافی بەشداریکردنی هەیە لە حکومەتی وڵاتەکەیدا، بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەرەکانیەوە". ئیتمۆلۆجی دیموکراسی بە واتای "حوکمڕانی لەلایەن گەل" دێت، بۆیە جاڕنامە، لە بڕگەی (٣)ی هەمان ماددەدا، بەشداری سیاسی خەڵک لە پرۆسێسێکی دیموکراسیدا واتادار دەکات: "ویست و ئیرادەی خەڵک دەبێت بە بنچینەی دەسەڵاتی حکومەت؛ ئەو ویست و ئیرادەیە لە هەڵبژاردنێکی دروست و دەوریدا پیشان دەدریت..." ((UDHR, 1948: Art. 21 (1), (3)).

ئەگەرچی 'جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ' یەکەم بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی بو، کە گۆڕانێکی ڕیشەیی و پێشکەوتنێکی گرنگی مێژویی دروستکرد، لە ڕێگەی ماددەی (٢١)ەوە، بەڵام تەنیا دۆکیومێنتیش نییە وەها ڕێسایەک لەخۆبگرێت. 'پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان (١٩٦٦)'، کە لەلایەن زۆرینەی وڵاتانی دنیاوە پەسندکراوە و بەسەر هەموشیاندا جێبەجێدەبێت، لە ماددەی (٢٥)دا هەمان پەیام دەگەیەنێت، ماددەی (٣)، لە 'پرۆتۆکۆلی یەکەمی پەیماننامەی ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان (١٩٥٢)'، ماددەی(٢٣) لە 'پەیماننامەی ئەمریکا بۆ مافەکانی مرۆڤ (١٩٦٩)'، ماددەی (١٣) لە 'پەیماننامەی ئەفریقا بۆ مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی گەلان (١٩٨١)' هەمان ڕێسا لەخۆدەگرن.

زیاتر لەوەش، دیموکراسی و پرۆسەی بە دیموکراسیکردنی دنیا لە ساڵی (١٩٨٨)ەوە بوەتە بابەتی تێکۆشانی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەجۆرێک هەتا ساڵی (١٩٩٥) ناونیشانی پرۆژە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی لە سەر بابەتەکە بریتیبون لە "بەهێزکردنی کاریگەری بنەمای هەڵبژاردنی دروست و دەوری" ((UNGAR, (8 December 1988)، لەوە بەدوا گۆڕان بە "پشتیوانی سیستەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئەو هەوڵانەی کە حکومەتان دەیدەن لە پێناو بڵاوکردنەوە و بەهێزکردنی دیموکراسی" ((UNGAR, (20 December 1995))، لە ساڵی (١٩٩٦)دا، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان (بطرس بطرس غالي) ئەجێندایەکی بۆ ئەنجومەنی گشتی پێشنیارکرد بەناوی "ئەجێندایەک بۆ دیمکراتیزەکردن". مەبەستی سەرەکی سکرتێری گشتی لە ئەجێنداکە، بریتیبو لە ڕونکردنەوەی دیموکراسی وەکو ماف و جێگیرکردنی لەنێو ئامانج و مەبەستەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ڕێگەی بۆچونی یاساناسییەوە (Boutros Ghali, 1996: pp.

58–8). هەر لەو ساڵانە بەدواوە، نەتەوە یەکگرتوەکان دەستیکردوە بەچاودێری پرۆسەی هەڵبژاردن لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی دنیا، لە هەر یەک لە کەنتینێنتەکانی ئاسیاو ئەمریکای لاتین و ئەفریقا (Wouters, Bart *et al*, 2004, p. 9). بەواتایەکیتر، لەدوای دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکان بەگشتی و لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردەوە بەتایبەتی، یاسای نێودەوڵەتی گۆڕانێکی ڕیشەیی تیادا ڕویداوە، بە جۆرێک کە یاساکە لە سەنتەرگرتنی دەوڵەتەوە بەرەو سەنتەرگرتنی هاووڵاتی هەنگاوی ناوە لەڕێگەی ناساندن و گەرەنتیکردنی مافەکانییەوە.

مافەکانی مرۆڤ بە گشتی بەوە پێناسەدەکرێن، کە کۆمەڵێک مافی گەردونی و جەوهەرین و هەمو مرۆڤێک شایستەیە پێیان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی نەتەوەیی، شوێنی نیشتەجێبون، ڕەگەز، بنچینەی ئیتنیکی، ڕەنگ، ئاین، زمان و هەر پێگەیەکی تر. ئەو مافانە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بەهای هاوبەش دەدرێن بە مرۆڤ، کە بریتین لە کەرامەت، دادوەری، یەکسانی، ڕێز و سەربەخۆیی مرۆڤ، و دابەشدەبن بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان و مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان (بەرگەم، ئەکی لۆڤە، ٢٠١١: لا ١٥–٢٥).

مافە مەدەنی و سیاسییەکان بەگشتی ئەو مافانە لەخۆدەگرن، کە پەیوەندیدارن بەئاسایشی جەستەیی و مەدەنییەوە، وەک: مافی ژیان، مافی سەلامەتی و پاراستن، قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان، قەدەغەکردنی کۆیلایەتی، قەدەغەکردنی هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە، قەدەغەکردنی دەستگیرکردنی هەرەمەکی، فەراهەمکردنی یەکسانی لەبەردەم یاسادا، هەروەها ئەو مافانەی کە پەیوەندیدارن بە ئازادی مەدەنی و سیاسییەوە، وەک: ئازادی بیرکردنەوە، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ویژدان، ئازادی ئاینی، ئازادی کۆبونەوە و پێکهێنانی پارت و دەستە و ڕێکخراو و ئازادی پیادەکردنی ژیانی سیاسی و کارگێڕی لەڕێگەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و دەنگدان و خۆکاندیدکرن بۆ پۆستە سیاسی و کارگێڕییەکان، مافە مەدەنی و سیاسییەکان بە مافی تاک دەناسرێن، بەو واتایەی کە لە بنچینەدا دەرکراون بۆ پاراستنی تاک لە دەستی دەوڵەت. ئەو مافانە لە ماددەکانی (٣) بۆ (٢١)ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بەمافە مەدەنی و سیاسیەکاندا دەبینرێن ((UDHR, 1948: Arts (3–21); ICCPR, 1966: Arts. (6–27)).

مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان لەلایەکی ترەوە، ئەو مافانە لەخۆدەگرن، کە پەیوەندیدارن بە بەردەستبونی ئەو شتانەی، کە پێویستیە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ پڕدەکەنەوە، وەک: خواردن و خواردنەوەو پەناگە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و چاودێری تەندروستی، هەروەها ئەو شتانەی، کە پێویستیە ئابورییەکانی مرۆڤ پڕدەکەنەوە وەک: کار و دەستهاتی ماددی و ستانداردەکانی ژیانکردنێکی گونجاو و شایستە و هەروەها ئازادی لە پیادەکردنی تایبەتمەندییە ڕۆشنبیرییەکان، وەک: مافی پەروەردە و فێرکردن و ئازادی لە بەکارهێنانی زمانی قسەکردن و پۆشینی جل و بەرگ و پێشخستنی هونەر و مۆسیقاو بەشداریکردن لە یادکردنەوەی بۆنەکان، و مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان بە ئەرکی ئەرێنی حکومەت دەناسرێن، کە دەبێت فەراهەمیان بکات. ئەو مافانە لە ماددەکانی (٢٢) بۆ (٢٧)ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و لە پەیماننامەی پەیوەندیدار بەمافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکاندا دەبینرێن (UDHR, 1948: Arts (22–27); ICCPR, 1966: Arts. (6–15)).

مافە مەدەنی و سیاسیەکان و مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان بەتەنیا مافی تاکەکان نین، بەڵکو مافی ئەو کۆمەڵ و گروپانەشن، کە تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی، نەژادی، ئاینی و زمانەوانیان هەیە. بەواتایەکی تر، دەکرێت مافەکانی مرۆڤ دابەشبکرێن بۆ مافەکانی تاک و مافەکانی کۆمەڵ (گروپ). مافەکانی کۆمەڵ مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی گەلانی ژێردەستە و کەمینەکان لەخۆدەگرێت، لەبڕیاردان لە چارەنوسیان و دیاریکردنی پێگەی سیاسیان و بەدیهێنانی پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری. ئەو مافانە بەهەمان شێوە لە 'پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان (١٩٤٥)'، 'جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨)'، 'پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بەمافە مەدەنی و سیاسییەکان (١٩٦٦)' و 'پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان (١٩٦٦)'، 'جارنامەی پەیوەندیدار بە مافی ئەو کەسانەی کە سەر بە گروپی نەتەوەیی، نەژادی، ئاینی و زمانەوانین (١٩٩٢)'، 'جارنامەی ڕیۆ بۆ ژینگە و پێشکەوتن (١٩٩٢)'، 'جارنامەی مافی خەڵکانی ڕەسەن (٢٠٠٧)'دا دەبینرێن.

تایبەتمەندی مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە، کە مامەڵەیان پێوەناکرێت و دەبێت بە یاسا لەهەمو شوێن و کاتێکدا و چونیەک جێبەجێبکرێن بۆ هەمو کەس، بێ ئەوەی بەشبەش بکرێن (بەرگەم، ئەکی لۆڤە، ٢٠١١: لا ١٥–٢٥). هەرچەندە، دەگونجێت، کە مافەکانی یەکێک دژ بوەستێت لە گەڵ مافەکانی یەکێکی تر یان کۆمەڵگە، بۆیە دەوڵەتان دەتوانن هەندێک ماف زەوت بکەن لە بارودۆخی تایبەتدا، بەڵام بە مەرجی هەبونی ئامانجێکی دروست، وەک: پاراستنی مافی خەڵکانی تر، ئاسایشی نەتەوەیی، سیستەمی گشتی، سەلامەتی گشتی، ئادابی گشتی و قەدەغەکردنی پێشێلکاری ماف و ئازادی خەلکانی تر (UDHR, 1948: Art. 29 (2); ICCPR, 1966, Art. 12 (3); ICESCR, 1966, Art. 4). بەواتایەکیتر، دەوڵەتان دەتوانن نکوڵی بکەن لەڕێزگرتن یان فەراهەمکردنی هەندیک لە مافەکانی مرۆڤ کاتێک پێویستییەک هەیە، بەڵام نابێت چوارچێوەی پێویستیەکە زیاتربێت لەوەی بەڕەهایی پێویستە و ناکۆک بێت لەگەڵ گیانی دیموکراسی و بەها دیموکراسیەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیە یاسایی و مێژوییەی سەرەوەدا دەتوانین بڵێین، کە ئەگەرچی کورد لە ڕابردودا، پێگەی خۆی زیاتر، وەک گروپێکی نەتەوەیی بینیوەو خۆی بە شایستەی سنورێکی جوگرافی خاوەن سەروەری لە شیوەی ئەمارەت و دەوڵەتدا زانیوە، بەڵام لەڕۆژی ئەمڕۆدا پێگەکەی، لەژێر کاریگەری گۆرانکاری جیۆسیاسی سایکس بیکۆ–لۆزاندا[10]، بوەتە گروپێکی ئێتنیکی لە تورکیا و هەمو ئەو دەوڵەتانەی تریش، کە بەسەریاندا دابەشبوە؛ هەرچەندە، لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی نوێدا، هەمو گروپێکی ئێتنیکی شایستەیە بە فەراهەمکردنی مافە مەدەنی و سیاسیەکان و مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان، کە بە مافی چارەی خۆنوسین دەناسرێن.

مافی چارەی خۆنوسین، وەک بنەمایەکی سیاسی ڕەگوڕیشەیەکی مێژویی دورودرێژی هەیە، بەجۆرێک هەندێک بۆ شۆڕشی ئەمریکی و ئایدیاکانی 'حکومەتی نوێنەرایەتی' و 'سەروەری گەلەری'، کە لەلایەن فەیلەسوفانی فەرەنسی (جۆن لۆک) و (جان جاک ڕۆسۆ)ەوە خراونەڕو لە سەدەی هەژدەدا، هەروەها بیروباوەڕی ناسیۆنالیزمی سەدەی نۆزدە دەیگەڕێننەوە (Griffioen, 2010, p. 6; Keerawella, 2004: p.

(3، بەڵام وەک بنەمایەکی یاسایی تەنیا لە دوای دەرچونی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە دانپیادانراوە (UN Charter, 1945: Art. 1 (2), 55, 73, 76).

مافی چارەی خۆنوسین لەنێو ئامانج و مەبەستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەبینرێت لە ماددەی (١) برگەی (٢)ی پەیماننامەی ڕێکخراوەکەدا هاتوە: "بۆ پێشخستنی پەیوەندی دۆستانە لەنێوان نەتەوەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە بنەمای مافی یەکسان و مافی چارەی خۆنوسینی خەڵک...". ماددەی (٥٥)، جارێکی تر مافی چارەی خۆنوسین دەهێنێت و دەیکاتە بنەمایەک بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتوری. شایەنی ئاماژەکردنە، کە پەیماننامەی نەتەوە یەککگرتوەکان جارێکی تر، لە ماددەکانی (٧٣) و (٧٦)دا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە دەکات بە مافی چارەی خۆنوسین، پەیوەندیدار بەو وڵات و هەرێمانەی، کە خۆبەڕێوەبەریان نەبوە و لە ژێر سیستەمی 'ئینتیداب'دا بونە، لە ڕێگەی هاوکاریان بۆ پێشکەوتنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ئەو خەڵکانە لە پێناو گەیشتنیان بە ئاستی خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی (UN Charter, 1945: Arts. 1 (2), 55, 73,76.

بە هۆی بەربڵاوی دیاردەی کۆلۆنیالیزم و مەترسی خستنەسەر بەرژەوەندی کۆلۆنیالیستەکان، داننان بە مافی چارەی خۆنوسین وەک مافێکی بەکۆمەڵی مرۆڤ کارێکی ئاسان نەبو. ئەوەش زۆر بەئاشکرا لە دەرکردنی هەردو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیدار بەمافە مەدەنی و سیاسیەکان و مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکاندا بەدیارکەوت، کە چۆن وڵاتان، بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوا دژبون لەگەڵ ناسین و داننان بە وەها مافێکدا (Griffioen, 2010: pp.15–16). دەرکردنی ئەو دو پەیماننامانە لەلایەن ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەککگرتوەکانەوە بۆیەکەم جارلە ساڵی (١٩٤٨) پێشنیارکرا، لە سەر بنەمای پرۆژە بڕیارێکی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەککگرتوەکان. ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی، کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەککگرتوەکانی ڕاسپارد بۆ دارشتنی پەیماننامەکان، بەڵام جیاوازی ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندی سیاسی دەوڵەتان وایکرد، کە نزیکەی (١٦) ساڵی خایاند تا پەیماننامەکان دەرکران و (٢٦) ساڵیشی خایاند تا چونە بواری جێبەجێکردنەوە (هادی، ٢٠١٥: ٦٨–٧٦٩). بەگوێرەی پەیماننامەکان، مافی چارەی خۆنوسین مافێکی بەکۆمەڵە و شایستەیە بەهەمو گەلێک: "هەمو گەلێک (گروپێک لە خەڵک) مافی چارەی خۆنوسینی هەیە و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو مافەدا دەتوانن پێگەی سیاسی خۆیان بەئازادانە دیاریبکەن و بەئازادی شوێن پێشکەوتنە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانیان بکەون"((ICCPR, 1966: Art. 1(1); ICESCR, 1966: Art. 1(1).

مافی چارەی خۆنوسین جگە لەو بەڵگەنامانەی سەرەوە، لە چەندین بەڵگەنامەی تری یاسایی نێودەوڵەتی و هەرێمیشدا هاتوە، لەوانە: 'یاسای کۆتایی هێلسنکی (١٩٧٥)'، 'پەیماننامەی ئەفریقا بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان (١٩٨١)'، 'پەیماننامەی پاریس بۆ ئەوروپای نوێ (١٩٩٠)'، 'جاڕنامەی ڤییەننا و بەرنامەی کار (١٩٩٣)'، 'جاڕنامەی مافەکانی گەلانی ڕەسەن (٢٠٠٧)'. زیاتر لەوەش، مافی چارەی خۆنوسین چ وەک بنەمایەکی یاسایی، چ وەک مافی مرۆڤ بەشێکە لە ڕێساکانی نەریتی نێودەوڵەتی لەژێر کاریگەری پێشنیارەکانی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەککگرتوەکان (جاڕنامە و پرۆژە بڕیارەکان)دا، لەوانە: 'جاڕنامەی پێدانی سەربەخۆیی بە وڵاتان و خەڵکانی

داگیرکراو (١٩٦٠)'، 'جارنامەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بەپەیوەندی دۆستانەو هاوکاری نێوان دەوڵەتان بە گوێرەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان (١٩٧٠)'.

شایەنی ئاماژەدانە کە بڕیارەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتیش ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە پێشخستنی مافی چارەی خۆنوسین لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا. دادگای ناوبراو لە چەندین بۆچونی ڕاوێژکاری و دۆسیەدا دڵنیایی داوە لەوەی کە مافی چارەی خۆنوسین بنەمایەکە لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و مافێکی جەوهەری مرۆڤە، وەک گروپ. لە گرنگترین دۆسیەکانی دادگا لە سەر مافی چارەی خۆنوسین: 'بۆچونی ڕاوێژکاری لە سەر نامیبیا (١٩٦٦)'، 'بۆچونی ڕاوێژکاری لەسەر سەحرای ڕۆژئاوا (١٩٧٥)'، 'دۆسیەی نیکاراگوا لە دژی ئەمریکا (١٩٨٦)'، 'دۆسیەی پرتوگال لە دژی ئوستڕالیا پەیوەندیدار بە تەیموری ڕۆژهەڵات (١٩٩٥)'، 'بۆچونی ڕاوێژکاری لەسەر یاسایی بونی دروستکردنی دیوار لە خاکی فەڵەستینیدا (٢٠٠٤)'، 'بۆچونی ڕاوێژکاری لەسەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تاکلایەنەی کۆسۆڤۆ (٢٠٠٨)' (See: The ICJ, The List of all Cases).

دەرکەوتنی مافی چارەی خۆنوسین وەک بنەمایەکی یاسایی و مافی مرۆڤ لەبەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا لەبنچینەدا شۆڕشێکی یاسایی بو بۆ سەربەخۆی و خۆبەڕێوەبەری گەلانی ژێردەستە، لەدژی کۆڵۆنیالیستەکان، ئەگەرچی بەکردەیی نزیکەی نیوسەدەی خایاند تا وڵاتانی کۆڵۆنیالیست ئەو مافەیان وەک بەهایەکی یاسای گەردونی قبوڵکرد و کۆلۆنیالیزم کۆتایهات (Griffioen, 2010: pp. 20–31). دوای کۆتایهاتنی کۆڵۆنیالیزمیش، مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنوسیان وەک مافێکی جەوهەری مایەوە تەنیا هەندێک گۆڕانکاری بەسەر تێگەیشتن و میکانیزمی بەدەستهێنانی و چوارچێوەی پیادەکردنی مافەکە داهات، بەجۆرێک کە مافی چارەی خۆنوسین بو بە مافی بڕیاردانی سیاسی هەندێک لە کەمینەکان، وەک کەمینەی نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئاینی، و چوارچێوەی مافەکەش لە سەربەخۆیی تەواوەوە، بوبە خۆبەڕێوەبەری ناوخۆی و میکانیزمی شەڕی چەکداریش بو بە خەباتی مەدەنی و سیاسی لە ڕێگەی پێکهێنانی دەستەیەکی تایبەتمەند یان ڕیفراندۆمی گشتی (Saul, 2011: pp .613–633). کێشەی سەرەکی پەیوەندیدار بە مافی چارەی خۆنوسینی کەمینەکان زیاتر لەهەرشتێکی تر پەیوەندیدارە بە چوارچێوەی مافەکەو پێگەی کەمینەکان. لەسەردەمی کۆڵۆنیالیزمدا، کۆدەنگیەکی یاسای گەردونی دروستبو، کە بەتەواوی پاڵپشتی لە گێڕانەوەی سەروەری و سەربەخۆی سیاسی دەوڵەتانی داگیرکراو دەکرد، بەڵام ئەو کۆدەنگییە گەردونییە پەیوەندیدار بە دەوڵەتی کەمینەکان بەتەواوی دروست نەبوە (Griffioen, 2010: pp. 43–92). هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە دروستکردنی دەوڵەتێک لە دەوڵەتێکی ترەوە دەبیتە هۆی پێشێلکردنی بنەمای یەکێتی خاک پەیوەندیدار بەو دەوڵەتەی کەمینەکە تیایدا ژیان دەکات؛ هەرچەندە، لەئەگەری پێشێلکاری گەورەو بەردەوام لە مافەکانی مرۆڤ و ڕێسا مرۆییەکان لەلایەن دەوڵەتانەوە لەدژی کەمینەکان، بنەمای مافی چارەی خۆنوسین لەشێوەی دروسکردنی دەوڵەتیشدا زاڵ دەبێت بەسەر بنەمای یەکێتی خاکدا (Griffioen, 2010: pp. 93–138). لەلایەکی ترەوە، دەبێت ئەو کەمینەیە بە گەل هەژمار بکرێت؛ گەلیش بریتییە لە کۆمەڵێک تاک، کە هەمو یان بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی: ترادیسیۆنێکی مێژویی هاوبەش، شوناسێکی ڕەگەزی یان ئیتنیکی، یەکێتی زمانەوانی، ئینتیمایەکی ئایدۆلۆژی یان ئاینی، پەیوەندی خاک و لەکۆتایشدا ژیانێکی ئابوری هاوبەشیان هەیە (UNESCO, 1989: pp.7–8). بەکورتی، ئەوەی لە ڕاستی کردەیدا بەرەواتر و

گونجاوتر دەبینرێت بۆ کەمینەکان، خۆبەڕێوەبەرییەکی سیاسییە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا، نەک دروستکردنی دەوڵەت؛ هەرچەندە، نمونەی دەوڵەتی کەمینەش هەیە، کە لەدەرئەنجامی سیاسەتی بەردەوامی جیاکاری و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و ڕودانی جینۆساید یان مەترسی ڕودانی جینۆساید لەلایەن دەوڵەتانەوە دروستبون، وەک: تەیموری ڕۆژهەڵات (١٩٩٩)، کۆسۆڤۆ (٢٠٠٨)، باشوری سودان (٢٠١١). لەکۆتایدا و لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییە یاسایەدا، دەتوانین بڵێین، کە کورد هەمو ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە، کە یاسای نێودەوڵەتی پێویستی کردوە بۆ ئەوەی بە گەل پێناسە بکرێت، هەر لە شوناسێکی ئیتنیکی هاوبەش، مێژوی هاوبەش، زمانی هاوبەش، کلتوری هاوبەش، خاکی هاوبەش، بۆیە بەبێ دودڵی بە گەل هەژماردەکرێت و هەر بەپێی ڕێساکانی ئەو یاسایە هەمو گەلێک شایستەیە بە مافی چارەی خۆنوسین. هێشتا کێشەی جەوهەری کورد ئەوەیە، کە لەڕابردودا نەیتوانیوە لە ئاستەنگییە کردەییەکانی مافی چارەی خۆنوسین تێبگات و هەوڵیداوە ئەو مافە لە شێوەی دەوڵەتی سەربەخۆدا پیادەبکات، بەڵام لەسەرەتای ئەو سەدەیەوە، هۆشیاری کورد ئاستەنگیەکانی تێپەڕاندوە و لەبەرامبەر نیگەرانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و تورکیادا داواکارییەکەی بۆ خۆبەڕیوەبەری دیموکراسی ناوخۆیی کەمکردۆتەوە، کە بەبێ دودڵی شایستەیە پێی و ناتوانرێت لەژێر هیچ بیانو و پاساوێکدا پێشێل بکرێت.

## باسی سێیەم: پێگەی کورد لە دەستورەکانی تورکیادا

لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، (٤) دەستور لە تورکیادا دەرکراون، کە ئەوانیش لەساڵەکانی (١٩٢١)، (١٩٢٤)، (١٩٦١)، (١٩٨٢) دابون. لە خوێندنەوە و بەراوردکردنی دەستورەکان دەردەکەوێت، کە ئەگەرچی لە هیچ یەک لە دەستورەکاندا، ستانداردەکانی شارستانیەتی مۆدێرن، لە داننان و ڕێزگرتن لە پێگەی خەڵک و گیانی بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەی دەستە و گروپە جیاوازەکان نابینرێت، بەڵام دەستوری (١٩٢١) گونجاوترین و تەنانەت دیموکراتیترین دەستورە، کە تورکیا تا ئێستا هەیبوبێت لەڕوی پێناسە کردنی تورکیا و گەلانی تورکیا؛ هەرچەندە، بە سەرنجدان لە کاتی دەرکردنی دەسستورەکە، کە هەستیارترین ساتە لە مێژوی نوێی تورکیادا، مرۆڤ تێدەگات، کە هۆکارەکە یەکخستنی دەنگ و ئیرادەی گەلانی تورکیایە لەبەرامبەر هێزە دەرەکیەکاندا، نەک دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ، لە ژیانکردنی ئاشتیانە و شکۆمەندانە بۆ گەلانی تورکیا (بێشکچی، ٢٠٠٦: لا ٢٨–٣١).

دەستوری (١٩٢١) بەگشتی هیچ ئاماژەیەک ناکات بۆ تورک وەک نەتەوە و لە هیچ برگەیەکیشدا هاووڵاتیانی تورکیا وەک تورک ناناسێنێت، چ بەڕاستەوخۆ، چ بە ناڕاستەوخۆ. سەروەری بەگوێرەی ئەو دەستورە دەسەڵاتێکە، کە ڕاستەوخۆ دەدرێتە نەتەوە بەبێ ناوهێنانی تورک. سیستەمی بەڕێوەبردنیش لە سەر بنەمای مافی چارەی خۆنوسین و حکومەت بڕیار دەدرێت لەلایەن خەڵکەوە. لە هەموی گرنگتر ئەوەیە، کە ئەو دەستورە هەندێک برگەی تێدایە، کە ڕێگە بە جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری ناوچەیی دەدات (Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, 1921: Maddeler: 1, 2, 10–21).

دوای سەرکەوتنی تورکیا بە ڕابەرایەتی (مستەفا کمال ئەتاتورک) لە جەنگی دژ بەیۆنانیەکان، پێویستی تورکەکان بە هاوکاری و هەماهەنگی کوردەکان نەما لەبەرانبەر هەڕەشە و هێرشی بێگانەکاندا، بۆیە (کمال ئەتاتورک) دەستی کرد بە جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی ئەجێنداکەی، کە دروستکردنی پایەکانی نەتەوەپەرستی تورک و بەسەنتەرکردنی نەتەوەی تورک بو لە تورکیای نوێدا، ئەوەش لە ڕێگای لەناوبردنی ئەو کەمە مۆزایکە ئیتنیکی و ئاینی و کلتورییەی، کە وەک میرات لە عوسمانیەکانەوە بە جێمابو (بێشکچی، ٢٠٠٦، لا ٣٦–٣٩). ساڵی (١٩٢٤) تورکیا دەستورێکی نوێی دەرکرد، کە تیایدا تەواوی ئەجێنداکەی ئەتاتورک ڕەنگیدایەوە. لە ماددەی (٢)ی ئەو دەستورە نوێیەدا، زمانی دەوڵەت بە فەرمی کرا بەزمانی تورکی، بەبێ ناوهێنان و ڕێگەدان بە زمانی خەڵکانی تری دانیشتوی تورکیا. زیاتر لەوەش، دەستورەکە لە ماددەی (٨٨)دا، پێناسەی (تورک)ی وەک چەمکێکی سیاسی کرد، بە جۆرێک کە هەمو هاووڵاتیانی تورکیا لەخۆدەگرێت بەبێ جیاوازی و گەڕانەوە بۆ بنچینەی نەژادی و ئاینیان و بەبێ داننان بە مافە مەدەنی و ئابوری و کلتورییەکانیان وەکو گروپ و دەستەی ئیتنیکی و ئاینی (Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, 1924: Maddeler: 2, 88). بەواتایەکی تر، دەستوری (١٩٢٤) بۆ یەکەم جار دروشمەکانی: 'یەک وڵات، یەک نەتەوە، یەک زمان'ی خستە ناو چوارچێوەی یاسایی و سیاسی و ڕۆشنبیری تورکیاوە.

ساڵی (١٩٦١) دوای ئەنجامدانی یەکەم کودەتای سەربازی، دەستورێکی نوێ دەرچو لە تورکیادا، کە شوێنی دەستوری ساڵی (١٩٢٤)ی گرتەوە. دەستوری نوێ لە ماددەی (٣)دا، دروشمەکانی یەک وڵات و یەک نەتەوە و یەک زمانی کۆپی کردەوە و لە ماددەی (٥٤)دا، دوبارە پێناسەی دانیشتوانی تورکیای کردەوە، کە بەهۆی هاووڵاتیبونەوە وابەستەن بە دەوڵەتی تورکیاوە، بە تورک (Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, 1961: Maddeler: 3, 54). بەواتایەکی تر، دەستوری ساڵی (١٩٦١)یش تەنیا کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕوکەشانەی تیادا ئەنجامدرا، کە هیچ پەیوەندییان بە مافی بەکۆمەڵی کەمەئیتنیک و ئاینیەکانەوە نەبو، هەربۆیەشە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئاسایشی وڵات بەرەو خراپبونی زیاتر هەنگاوی دەنا، تاکار گەیشتە دامەزراندنی 'پەکەکە' و هێزە دیموکراتیکەکان لە پێناو بەدیمکراتیکردنی کۆمەڵگای تورکی و مافی کەمینەکان لە تورکیادا (بیشکچی، ٢٠٠٢: لا ١٤٧–١٥٧؛ ئەحمەد، مەحمود، ٢٠١٤: لا ٢٤٦–٢٤٩؛ جودی، ٢٠٠٨: لا ٧٣–٢٧٠).

ساڵی (١٩٨٢)، دوای (٢) ساڵ لە سێیەمین کودەتای سەربازی لەوڵاتدا، چوارەمین دەستوری تورکیا دەرچو. دەستوری نوێش هیچی لە هەگبەدا نەبو بۆ کورد و کەمینە ئیتنیکی و ئاینیەکانی تر، بۆیە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە بواری سیاسی و کلتوری و ئاسایشدا بەدوای خۆیدا نەهێنا بۆ تورکیا (ئەحمەد، مەحمود، ٢٠١٤: لا ٢٩٦–٢٩٧). لە دوای دەرچونی ئەو دەستورەوە لە ساڵی (١٩٨٢) هەتا ساڵی (٢٠١٧)، تورکیا چەندین جار پرۆسەی هەمواری دەستوری ئەنجامداوە، لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵێک قەدەغەی دەستوری، فراوانکردنی چوارچێوەی ماف و ئازادییە بنچینەییەکانی مرۆڤ، بەهێزکردنی دەستەبەری ڕێسا یاساییەکان، هەڵوەشاندنەوە یان لاوازکردنی هەمو ئەو جیاوکانەی کە بە هێزە چەکدارەکان درابون، بەڵام لە دەرئەنجامدا، هەوڵەکان نەگەیشتنە ئەنجامی کۆتایی (Türkiye Cumhuriyeti Anayasası (Güncel, 2017 Değişiklikleri Işlenmiş), 1982). دەستوری ئێستای تورکیا بە پێشەکیەکی دوورودرێژ دەست پێدەکات، کە

لە جیاتی سەرنج خستنە سەر ئامانج و بنەما جیهانییەکان، بەهای مێژوویی و نەتەوەپەرستی تورک، لە شێوەی ئایدۆلۆژیایەکدا دەخاتەڕو و داوا دەکات، کە هەمو کەس پەیڕەوی بکات. کێشەی گەورە هێشتا لە پێشەکی دەستورەکەدا نییە، بەڵکو لە ماددەکانی سەرەتای دەستورەکەدایە، کە گۆڕانکاری بنچینەیی و چارەسەری هەمیشەیی کێشەی کەمینەکان لە تورکیادا بنبەست دەکەن، ماددەی (٣) کۆپی دروشمە فاشیستیەکانی دەستورەکانی پێشترە: "دەوڵەتی تورکیا، لەگەڵ خاک و نەتەوەکەیدا، کیانێکی لێکدانەبڕاوە. زمانەکەی زمانی تورکیە...". ماددەی (٤)، هەمو هەموارکردنێک و تەنانەت داواکاری هەموارکردنیش لەسەر ئەو ماددەیە قەدەغە دەکات. دەستورەکە لە چەندین ماددەی تردا، گیانێکی ئیتنیکی تورکی تایبەت پیشان دەدات و هیچ ئاماژەیەک و دانپیادانانێک بە گروپە ئیتنیکی و ئاینییەکانی تر ناکات. لە ماددەی (٥)دا، بۆ نمونە، دەستور بە ئامانج و ئەرکی دەوڵەتی دەبینێت، کە گەرەنتی سەربەخۆیی و کەرامەتی 'نەتەوەی تورک' بکات. ماددەی (٦) بە هەمان شێوە، ناوی 'نەتەوەی تورک' دەهێنێت و بەگوێرەی ناوەرۆکی ماددەکە 'نەتەوەی تورک' پیادەی سەروەری دەکات لە ڕێگەی ئۆرگانە ڕێگەپێدراوەکانەوە. لە چەندین ماددەی تری دەستورەکەدا، هەمان شت دوبارەدەبێتەوە، بۆ نمونە لە ماددەکانی (٧) پەیوەندیدار بەدەسەڵاتی یاسادانان و ماددەی (٩) لەسەر دەسەڵاتی دادوەری. یەکێکی تر لەو ماددانەی کە کێشەیەکی زۆر لە ناوەرۆکەکەیدا هەیە پەیوەندیدار بە سروشتی کۆمەڵگەی تورکی، ماددەی (٦٦)ە، کە وا دەقی داوە: "هەرکەسێک، کە بە دەوڵەتی تورکیاوە بەستراوە لە ڕێگەی گرێبەستی هاووڵاتی بونەوە، تورکە". ماددەکە بە واتایەکی تر، هاووڵاتی بون لە تورکیادا بە مافێکی دەستوری هەژمارناکات بۆ هەموان، بەڵکو تورکبون دەکاتە مەرجێکی دەستوری بۆ هاووڵاتیبون (Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, 1982: Maddeler: 3, 4, 5, 6, 7, 9, 66).

ئەگەرچی لە هیچ ماددەیەک لە ماددەکانی دەستورەکانی تورکیادا بۆیەک جاریش و بە ناڕاستەوخۆش ناوی کەمینەیەک لە کەمینە ئیتنیکی و ئاینییەکانی تورکیا نەهاتوە، دەسەڵاتدارانی تورکیا داندەنێن، کە هەندێک کەمینە لە تورکیادا دەژین، بەڵام کێشەکە دیسان لە پێناسەی کەمینە و پێگەی کەمینە و مافی کەمینەدایە، کە تەواو جیاوازە لەوەی کە لە بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکاندا دەبینرێت. دەسەڵاتدارانی تورکیا لە باسکردنی کەمینەکاندا دەگەڕێنەوە بۆ ماددەکانی (٣٧) بۆ (٤٥)ی 'ڕێککەوتنامەی لۆزان'، کە تەنیا کەمینە ئیتنیکی و ئاینییە ناموسڵمانەکان دەپارێزن، وەک: کەمینەی یۆنانی و ئەرمەنی و جولەکە، لە کاتێکدا کەمینە ئیتنیکییەکانی تری وەکو قەوقاز و کوردو لاز و دۆم وعەرەب و کەمینە ئاینیەکانی تری وەک: عەلەوی و یەزیدی، کە زۆربەیان کوردن و هیچ پێگەیەکی فەرمی و دانپیادانانێکیان لە چوارچێوەی کۆماری تورکیادا نییە (Biagini, Motta, 2014: pp. 39–74).

## باسی چوارەم: کورد و هەبونی سیاسی و مەدەنی لە تورکیا

خەباتی سیاسی کورد، لە شێوەی دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی، مێژویەکی دوورودرێژی هەیە و بەلای کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و دوای دروستبونی دەوڵەتی تورکیای نوێش تاڕۆژی ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە (علی، ١٩٩٨: ص ١٢٦–١٧١)، بەڵام ئەوەی زیاتر جێی مەبەستە لەم توێژینەوەیەدا، ئەو

پارت و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنیانەن، کە بەشێوەی یاسایی و بەگوێرەی دەستورەکانی تورکیا دامەزراون و مێژوەکەشیان بەدیاریکراوی لەدەیەی کۆتایی سەدەی بیستەوە دەست پێدەکات.

یەکەم پارتی یاسایی کوردی لە تورکیا 'پارتی خەڵکانی ڕەنجدەر' (HEP) بو، کە لە (١٩٩٠/٦/٧) لەلایەن سیاسەتمەداری کورد 'فەهمی ئیسیکلار' و نۆ سیاسەتمەداری ترەوە دامەزرا، بەڵام تەنیا دوای (٣) ساڵ و لە مانگی (٧)ی ساڵی (١٩٩٣)دا، بەبڕیاری دادگای دەستوری دەوڵەت قەدەغەکرا (Watts, 1999: pp. 635–639)، لە مانگی (٢)ی ساڵی (١٩٩٢)دا، سیاسەتمەدارانی کورد پارتێکی تریان دامەزراند بە ناوی 'پارتی ئازادی و دیموکراسی' (OZDEP)، بەڵام تەنیا دوای نزیکەی (9) مانگ لە چالاکی سیاسی، دەسەڵاتدارانی تورکیا ئەویشیان داخست (ECtHR, (8 December 1999): pp. 3–7)، دوای داخستنی (OZDEP) بە ماوەیەکی کەم، سیاسەتمەدارانی کورد 'پارتی دیموکراسی' (DEP)یان دامەزراند، بەڵام تەمەنی ئەویش ساڵێکی بڕنەکرد و لە (١٩٩٤/٦/١٦)دا، بەبڕیاری دادگای دەستوری تورکیا قەدەغەکرا، هاوشان لەگەڵ بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندی پەلەمانی لەسەر (٦) پەرلەمانتاری پارتەکە و بڕیاری زیندانیکردنیان بۆ ماوەی (١٥) ساڵ (Güney, 2002: p.125).

لە (١٩٩٤/٥/١١)دا، 'پارتی دیموکراسی گەلان' (HADEP) دامەزرا. ئەو پارتە یەکەم پارتی کوردی بو لە تورکیا، کە بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا کرد لە نێوان ساڵانی (١٩٩٥–١٩٩٩)دا، بەڵام دەنگی پێویستی نەهێنا بۆ گەیشتن بە پەرلەمان بەهۆی بەربەستی (سەدا دە)[١١]، بەڵام هێشتا بەهێزترین پارتی سیاسی بو لە ناوچە کوردییەکان، بە جۆرێک کە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (١٩٩٩)دا، (٣٧) شارەوانی بە دەستهێنا، لەناویاندا (٧) گەورە شاری کوردی. لە کۆتایدا، چارەنوسی (HADEP)یش جیاوازترنەبو لە چارەنوسی پارتەکانی پێشخۆی و لە (٢٠٠٣/٣/١٣)دا قەدەغەکرا، هاوشان لەگەڵ بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکی سیاسی لە (٤٦) ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پارتەکە ((Idil, (18 March 2021).

دوای داخستنی (HADEP)، ئەندامانی پەیوەندییان بە 'پارتی گەلانی دیموکراتیک'(DEHAP) کرد لە (٢٠٠٣/٣/٢٦)دا، بەڵام دوای (٢) ساڵ دۆسیەیەکی لەدژ کرایەوە لەلایەن دادگای دەستوری تورکیا و بەر لە پرۆسەی دادگایکرنەکەی، پارتەکە لەگەڵ 'پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک' (DTP) لە (٢٠٠٥/١١/٩)دا یەکیان گرت (Celep, 214: p. 171). ئەگەرچی (DTP) نەیتوانی ڕیسکی سیاسی بکات، لە بەربەربەستی "سەدا دە" و بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی (٢٠٠٧)دا نەکرد وەک پارتێکی سیاسی، بەڵام ئەندامەکانی بەشێوەی سەربەخۆ (٢٢) کورسیان لە پەرلەمان بە دەستهێنا و لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی (٢٠٠٩)دا، (١٠٠) ناوچەی کوردییان بردەوە. لە کۆتایدا، تورکیا بەتۆمەتی ئەوەی، کە (DTP) باڵی سیاسی 'پەکەکە'یە، دۆسیەیەکیان بۆ کردەوە و لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٢/١١)دا پارتەکەیان قەدەغەکرد و پارێزبەندی پەرلەمانییان لەسەر هاوسەرۆکەکانی (ئەحمد تورک) و (ئایسێل توگلوک) هەڵگرت و لە ئەندامیەتی هەر پارتێکی سیاسیش بۆ ماوەی (٥) ساڵ قەدەغەیان کردن (HDP Europe, 2022).

دوای (DTP)، 'پارتی ئاشتی و دیموکراسی' (BDP)، کە بەماوەیەک بەر لە داخستنی (DTP) لە (٢٠٠٨/٥/٣)دا دامەزرابو، دەستی بە چالاکی سیاسی کرد تا ساڵی (٢٠١٤)، کە خۆی هەڵوەشاندەوە. دوای

هەڵوەشانەوەی (BDP)، 'پارتی دیموکراسی گەلان' (HDP) و پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان (DBP) شوێنیان گرتەوە. لە هەڵبژارنی (٢٠١٤/٣/٣٠)دا، (HDP) و (DBP) بەیەکەوە بەشدارییانکرد، بەجۆرێک کە (HDP) لە سەر ئاستی هەموو تورکیا و (DBP)ەش لەسەر ئاستی هەرێمە کوردییەکان کێبەرکێیان دەکرد. لە دوای هەڵبژاردنەکان، هەردو پارتەکە یەکیانگرت و هەموو ئەندام پەرلەمانەکانی (DBP) چونە ناو (HDP) (Idil, (18 March 2021).

لەوانەیە بگوترێت کە تا دامەزراندنی (BDP) وبەتایبەت دوای دەستپێکردنی دانوستانەکانی ئاشتی لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٢)دا، تورکیا زۆر هەستیارانە مامەڵەی لەگەڵ دۆسیەی کورددا کردوە، بەجۆرێک کە زۆر بە سنورداری دانی بە هەبونی پرسێکدا داناوە بە ناوی پرسی کورد، بەڵام لەوە بەدواوە چوارچێوەی ئازادییەکانی بەرفراوانتر کردوە و هیچ پارتێکی کوردی قەدەغەنەکردوە، بەڵام بەگوێرەی داتاکانی (BDP)، تەنیا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩) بۆ (٢٠١١)، ژمارەی ئەو ئەندامانەی پارتەکە، کە لە زیندانەکان ڕاگیرابون (٧٧٤٨) کەس بون و ئەوانەشی کە حوکمدرابون ژمارەیان (٣٨٩٥) کەس بون بە هۆکاری چالاکی مەدەنی و بیانوی هەبونی پەیوەندی بە 'پەکەکە'وە (Kurd Daily, (7 October 2011).

دوای (٢) ساڵ لە چالاکبونی (HDP) و لە ساڵی(٢٠١٦)دا، تۆمەتی هەبونی پەیوەندی پارتەکە بە 'پەکەکە' لەلایەن دەوڵەتەوە دەستیانپێکرد، بەجۆرێک کە (٥٤) ئەندامی پەرلەمانی پارتەکە، لە کۆی (٥٩) ئەندام، پارێزبەندی پەرلەمانییان لەسەر لابراو بەتۆمەتی تیرۆر دادگاییکران ((Cupolo, (2/10/2016). لە مانگی(٣)ی ساڵی (٢٠١٨)دا ڕاگەیەنرا کە (١١٦٣١) ئەندامی (HDP) لە زیندانەکان ڕاگیراون و (٣٣٨٢) ئەندامیشیان حوکم دراون ((Ahval, (10 March 2018). لە ڕۆژانی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی مانگی (٣)ی ساڵی (٢٠١٩)دا، دەوڵەت ژمارەیەک لە کاندیدانی هەڵبژاردنەکانی بەتۆمەتی تیرۆر دەستگیرکرد و تەنانەت دوای کۆتایهاتنی هەڵبژاردنەکانیش، ڕێگەی نەدا بەژمارەیەکی زۆرلە کاندیدە سەرکەوتوەکان، کە پۆستەکانیان وەربگرن ((Barwari, (30/3/2019). بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکانی (HDP)، لە دوای پرۆسەی هەڵبژارنی شارەوانییەکانی ساڵی (٢٠١٤)، هەتا مانگی (٢)ی ساڵی (٢٠١٨)، لە کۆی (٩٩) سەرۆک شارەوانی (DBP)، (٩٤) سەرۆک شارەوانی لابران و ژمارەیەکیشیان دەستگیرکران (HDP Europe, (31 Mrch–20 November 2019) ، تا مانگی (١٠)ی ساڵی (٢٠٢٠) یش، (٥٩) سەرۆک شارەوانی، لە کۆیی (٦٥) سەرۆک شارەوانی (HDP) لە پۆستەکانیان لابران و بە کەسانی سەر بە پارتی 'داد و گەشەپێدان' شوێنیان پڕکراوەتەوە ((Duvar, (2 October 2020.

تویژەران لە باسکردن لە مێژوی دەستەو کۆمەڵە مەدەنییەکان لە تورکیا، دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەتیش بۆ کۆتاییەکانی تەمەنی ئیمپڕاتۆریەت و سەرەتای دروستبونی دەوڵەتی تورکیای نوێ، بەڵام ئەو دەستە وکۆمەڵانە لەژێر سەرپەرشتی و هاوکاری دەسەڵاتدا بونە و چالاکیەکانیشیان بە خزمەتکردن بە سیاسەت وئەجێندای فەرمانڕاوایکردن سنورداربوە :(Center for American Progress *.et al.*, 2017: p. 7).

یەکەم یاسای پەیوەندیدار بە کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە تورکیادا، لە ماوەی سەرۆکایەتی (ئیسمەت ئینۆنو)ی سەربە پارتی گەلی کۆماری، لە ساڵی (١٩٤٦)دا دەرچو، بەڵام ئەو یاسایە تەنیا ڕێگەی بەدەستە و کۆمەڵە ناسیاسییەکان دەدا، کە بە ئازادانە کاربکەن. لە دوای دەرکردنی یاساکە، ژمارەیەکی زۆر دەستە و گروپی پیشەیی دامەزران (Simsek, 2004: pp. 46–74). سێ ساڵ لە دوای کودەتاکەی ساڵی (١٩٨٠)، یاسایەکی نوێ، پەیوەندیدار بە کۆمەڵی مەدەنی دەرکرا و دوای هەڵبژاردنی (تورکت ئۆزاڵ) بەسەرۆکی وەزیران لەو ساڵەدا، کرانەوەیەکی زیاتری سیاسی و مەدەنی و ئابوری لە تورکیادا ڕەخسا، کە دەرئەنجام بوە هۆی سەربەخۆبونی کۆمەڵی مەدەنی لە دەسەڵاتی سیاسی. لە دوای ئەو ڕوداوە و بەتایبەت لە ساڵانی نەوەدەکان، ژمارەیەک ڕێکخراو و کۆمەڵەی مەدەنی کوردی بۆ یەکەم جار دامەزران، کە چوارچێوەی کاریان بریتیبو لە بوارەکانی: ماف و ئازادی مرۆڤ، کلتور، زمان، ژنان، پەرەپێدانی دیموکراسی، حوکمرانی باش، مرۆڤ دۆستی، خێرخوازی (Center for American Progress *et al.*, 2017: p. 8). لە ساڵی (١٩٩٩)دا، یەکێتی ئەوروپا تورکیای وەک کاندیدێک بۆ بەئەندامبون لە یەکێتیەکە قبوڵکرد و دو ساڵ دواتر، لە کابینەی (بوڵێنت ئێجەڤیت)ی سەر بەپارتی گەلی کۆماری، 'یاسای کۆمەڵەکان' دیسان هەموارکرا، بەجۆرێک کە ئازادی زیاتر بۆ پیادەکردنی چالاکی مەدەنی لە تورکیادا فەراهەمکرد، بەڵام مەودای کارکردنی گروپ و ڕێکخراوە کوردییەکان هەر سنورداربو بە دەستور و یاسا کارپێکراوەکان(Heper and Yildirim, 2011: pp. 1–18) .

لە ساڵی (٢٠٠٢)دا، 'پارتی داد و گەشەپێدان' دەسەڵاتی گرتە دەست و لە پاڵ میراتی سیاسی و مەدەنی ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان، کرانەوەی زیاتری مەدەنیانەی لە ئەجێندای حوکمڕانیدا ڕاگەیاند، لە ڕێگەی دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەکۆمەڵە مەدەنییەکان لە ساڵی (٢٠٠٤) و یاسای دامەزراوەکان لە ساڵی (٢٠٠٨)دا (Center for American Progress *et al.*, 2017: pp. 9–12). ئەوەی کە پەیوەندیدار بو بە کورد، ئەم پارتە بەڵێنیدا بۆ گەرەنتیکردنی نوێنەرایەتیکردن و بەشداری سیاسی و خەباتی مەدەنی و گەشەی ئابوری لە ناوچە کوردییەکان و ڕێگەدان بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکان و فەراهەمکردنی خوێندن و نوسینی کوردی و ڕێگەدان بە یادکردنەوەی بۆنە کلتورییەکان و هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر جل و بەرگ و مۆسیقا و گۆرانی کوردی و کردنەوەی کەناڵی تەلەفیزیۆنی کوردی (Derisiotis, 2019: pp. 56–60). ئەگەرچی پارتی داد و گەشەپیدان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥) بۆ (٢٠١٣) هەندێک کاری لەسەر جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی کرد، بەجۆرێک کە مرۆڤ ئومێدێکی بۆ چارەسەری ئەو پرسە قوڵ و خوێناویەی کورد لە تورکیادا بۆ دروستبو، بەڵام لەدوای ئەو بەروارەوە، بەرەبەرە نوێنەرانی ئەو پارتە لە دەسەڵاتی سیاسی ڕویەکی سەرکوتکەرانەیان پیشاندا و پاشەکشەیان لەبەڵێنەکانیان کرد و دەستیانکرد بە چاودێریکردنی ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنیەکان و سنوردارکردنی چالاکیەکانیان و تەنانەت داخستنی هەندێکیشیان لەسەرتاسەری تورکیادا و بەتایبەت لە ناوچە کوردییەکان(Center for American .Progress *et al.*, 2017: pp.12–13)

کێشەی جەوهەری پەیوەندیدار بە سنوردارکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە تورکیادا، بەتایبەت ڕێکخراوە کوردییەکان بەر لە هەرشتێک پەیوەندیدارە بە سروشتی دەستور و ئەو یاسایانەی کە دامەزراندن و چالاکی

ڕێکخراوەکان بەڕێوەدەبەن. هەروەک لە پێشتردا ئاماژەماندا، دەستوری تورکیا دان بە شوناسی کورد و مافەکانیدا نانێت وەک گروپێکی ئیتنیکی جیاواز و یاساکانیش ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی نادیموکراسیانەی دەستورەکەن. بەگوێرەی دەستوری ئێستای تورکیا: "مافی کۆبونەوە و خۆپیشاندان سنوردارەدەکرێت لەسەر بنەمای ئاسایشی نەتەوەی، سیستەمی گشتی، قەدەغەکردنی تاوان، پاراستنی تەندروستی گشتی، ڕەوشتی گشتی و ماف و ئازادی خەڵکانی تر" (Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, 1982: Maddeler. 34).یاساکان برگە گەلی وەک: "هەمو گروپێک پێگەیەکی یاسای هەیە و پێکدێت ... بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک، کە نایاسایی نییە" ((Turkish Law on Association, (4/11/2004): Art.2 (a)، یان "نابێت ڕێکخراوەکە دابمەزرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک، کە بەگوێرەی دەستور و یاساکان قەدەغەکراوە یان کارێک ئەنجامبدات، کە تاوان پێکدەهێنێت بەگوێرەی یاساکان" ((Turkish Law on Association, (4/11/2004): Art. 30 (2). لە خوێندنەوەی یاساکانەوە، مرۆڤ تێدەگات کە ئەو مادده و برگە یاساییانە دەکرێت لە هەرکاتێکدا ژیانی مەدەنی و چالاکی مەدەنی کەمینەکان بە ئامانجبگرن، چونکە مافی کەمینەکان لە تێگەیشتنێکی سیاسی تورکانەدا واتا خستنە مەترسی ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەری و یەکیتی خاکی تورکیا، هەروەک لە دواتردا ئاماژەی پێدەدەین. هۆکارێکی تری پەیوەندیدار بەسنورداری چالاکی مەدەنی ئەوەیە، کە تورکیا بەدرێژایی مێژو، گومانی لە پرۆسەی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبوە تەنیا لە دو دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردو نەبێت و هەمیشە ویستویەتی کە ڕێکخراوەکان لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتدا بێت و خزمەت بە ئەجێندای سیاسی دەوڵەت بکات. ئەو دەرفەتە کەمەش، کە لە کۆتای سەدەی بیست ڕەخسا، پێدەچێت کە لە ژێر فشاری یەکیتی ئەوروپادا بوبێت بۆ گونجاندنی ژینگەی سیاسی و یاسایی تورکیا لەگەڵ بەها و ستانداردەکانی یەکیتی ئەوروپا، چونکە بە پێچەوانەوە دەرفەتی کاندیدبونی تورکیا بۆ بەئەندامبون لەو ڕێکخراوەدا هەرگیز نەدەبو (Center for American Progress *et al.*, 2017: pp. 7,14)، لە دوای ساڵی (٢٠١٣)، وا دەردەکەوێت کە ستراتیژی سیاسی دەوڵەت گۆڕابێت و چیتر خواستی بەئەندامبونی لە یەکێتی ئەوروپادا وەکو جاران نەمابێت، بۆیە لەڕێگەی دو ستراتیژەوە نزیکایەتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات، کە ئەوانیش: سەرکوتکردنی ئەوانەی کە ڕەخنە لە دەوڵەت دەگرن و هەوڵی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەوڵەت دەدەن و گونجاندنی ڕێکخراوەکان یان دروستکردنی دەستە و گروپی جێگرەوە، بە جۆرێک کە پشتگیری لە سیاسەتی دەوڵەت و خزمەت بە ئەجێنداکەی بکەن (Yabanci, 2019: p. 6).

لەدەرئەنجامدا ئەوەی کە نوێنەرانی 'پارتی داد و گەشەپێدان' لە دەستەڵاتی سیاسی بانگەشەیان بۆ دەکرد لە پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیادا هیچ نەبو، جگەلە دروستکردنی دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرتر لە کابینەکانی پێش خۆیان، بەجۆرێک کە بەگوێرەی هەندێک ڕاپۆتی نێودەوڵەتی لەوانە: ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هاوپەیمانی جیهانی بۆ بەشداری هاووڵاتیان و ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ و ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ساڵی (٢٠١٨)دا، تورکیا لە سەرکوتکردنی چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا لەڕیزبەندی ڕوسیا و ڤەنزەوێلا و ئەفغانستانە و دەوڵەت پەیڕەوی لە سەرکوتکردنێکی سەخت و وبەردەوام دەکات لەسەر گروپ و دەستە مەدەنییەکان بەتایبەت ئەوانەی کە سەرنجی ڕێکخراوەییان لەسەر کوردە، دروست

وەک ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسیانەی کە نوێنەرایەتی کوردان دەکەن لە پانتای سیاسی تورکیادا (CIVICUS, 2018; HRW, 2018; AI, 2018).

## باسی پێنجەم: کورد و مافی بەرگری چەکداری لە تورکیادا

تورکیا یەکێکە لە ئەندامە سەرەکیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە پەیوەندییەکەیان لەبەرواری دامەزراندنی ڕێکخراوەکەوە لە (١٩٤٥/١٠/٢٤) دەست پێدەکات، بەواتایەکی تر، تورکیا یەکێکە لەئەندامانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بەرواری دەرچونیەوە، کە یەکێک لە ئامانج و مەبەستەکانی بریتییە لە پێشخستنی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان نەتەوەکاندا، لەسەر بنەمای مافی یەکسان و چارەی خۆنوسینی خەڵک (UN Charter, 1945: 1 (2)). تورکیا بەهەمان شێوە ئەندامە لە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی تری نێودەوڵەتی و هەرێمی پەیوەندیدار بەمافەکانی مرۆڤ، لەناویاندا مافی دەستەجەمعی کەمینەکان، لەوانە 'پەیماننامەی پەیوەندیدار بەهەڵوەشاندنەوەی هەمو فۆرمەکانی توندوتیژی ڕەگەزی (١٩٦٥)'، 'پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بەمافە مەدەنی و سیاسیەکان (١٩٦٦)'، 'پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بەمافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان (١٩٦٦)'، 'پەیماننامەی ئەوروپا پەیوەندیدار بەمافەکانی مرۆڤ (١٩٥٠)' و پرۆتۆکۆڵەکانی. ئەمە جگەلەوەی چەندین جارنامەی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەیە، کە وەک ڕێسای نەریتی ڕۆڵ دەگێڕن و هەمو وڵاتان، لەناویاندا تورکیا پابەنددەکەن بەڕێزگرتن و جێبەجێکرنیان لەبواری مافی کەمینەکان، لە گرنگترینیان: 'جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨)'، 'جارنامەی پەیوەندیدار بەمافەکانی ئەوکەسانەی کە ئەندامی کەمینەی نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئاینی و زمانەوانین (١٩٩٢)'، 'جارنامەی پەیوەندیدار بە مافی گەلانی ڕەسەن (٢٠٠٧)' (Ratification of Treaties Turkey, University of Minnesota).

هەرچەندە، تورکیا ئەوەندەی بۆی بکرێت خۆپارێزی[١٢] دەکات لەو ڕێسا و پەیماننامانەی کە پەیوەندییان بە مافی کەمینەکانەوە هەیە بەتایبەت کەمینەی کورد و ڕاڤەکردن و جێبەجێکردنیان دەبەستیتەوە بە ڕێسا دەستورییەکان و 'ڕێککەوتننامەی لۆزان'ەوە (Elibol-Brröneke, 2015: pp. 1–8)، ئەوەشی کە پەیوەندی بە ڕێسا نەریتییەکانەوە هەیە پێشێلکارییان تیادا ئەنجامدەدات، بەکەڵک وەرگرتن لە لاوازی میکانیزمە نێودەوڵەتیەکانی جێبەجێکردنی پەیماننامە و ڕێسا نەریتییەکانی مافی مرۆڤ. هێشتا، بەهۆی ئەندامیەتی تورکیا لە ئەنجومەنی ئەوروپا، بارودۆخ کەمێک لە بەرژەوەندی کەمینەکانە، چونکە لە ئەنجومەنی ئەوروپا میکانیزمی پێداچونەوەی دادوەری هەیە بە بڕیاری دادگا ناوخۆییەکان، لەکاتی پێشێلکردنی مافەکانی هاووڵاتیان، لەلایەن دادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ (ECHR, 1950: Arts. 32–35)، بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەم دادگایە، تورکیا لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، لەنێو وڵاتانی ئەنجومەنی ئەوروپادا، لە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤدا (Ergin, 20 December 2017)، بە جۆرێک کە لە نێوان ساڵانی (١٩٩٠) بۆ (٢٠٢٠)دا، زیاتر لە (٣٠،٠٠٠) دۆسیە براونەتە بەردەم دادگای ناوبراو (Wiseman, 10 March 2020). بەگوێرەی ئامارەکان، تا ساڵی (٢٠١٧)، دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا (٣٢٧٠) بڕیاری دەرکردوە پەیوەندیدار بە تورکیا و لە (٢٨٨٩) بڕیاردا، تورکیای بە پێشێلکاری پەیماننامەی ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئیدانە کردوە. ئەو پێشێلکارییانەی کە تورکیا ئەنجامی دابون پەیوەندیدار بون بە مافی هەبونی دادگایکردنی دادپەروەرانە، مافی هەبونی ئازادی و ئاسایش (دەستگیرکردن بە ڕێگای

نایاسایی)، مافی پاراستنی موڵک و ماڵ، مافی هەبونی لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی کاریگەر و خیرا، مافی لێکۆڵینەوەکردنی تەواو لە هەندێک دۆسیەی پەیوەندیدار بەمافی ژیان، ئەشکەنجەو کاری نامرۆڤانە، مافی تانەدان بەتەواوی، ئازادی ڕادەربڕین، مافی ژیان، مافی ڕێزگرتن لەژیانی تایبەت و خێزانی. شایەنی ئاماژەدانە کە زۆربەی ئەو پێشێلکاریانە پەیوەندییان بەکەمینەی کوردەوە هەبوە (Ergin, (20 December 2017); Melik, (27 August 2008)).

تورکیا تا دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردو، لە سەر بنەمای دەستوەرنەدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەکاروباری ناوخۆیی، سیاسەتەکانی خۆی لەبەرامبەر کوردا جێبەجێکردوە، بەڵام لەدوای دەرکەوتنی یاسای مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەت لە دوای جەنگی ساردەوە، سیاسەتەکانی بە بنەماکانی سەربەخۆیی سیاسی و یەکێتی خاک پاساو دەدات، کە لە ماددەی (٢)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ئاماژە دراون. تورکیا ئەگەرچی هۆشیارە بە بنەما و مافی چارەی خۆنوسینیش لە یاسای نێودەوڵەتیدا، چ لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمدا و چ لە چوارچێوەی مافی کەمینەکاندا، بەڵام هێشتا نکوڵی لە شوناسی کوردان دەکات، وەک گروپێکی ئیتنیکی جیاواز و پرسی کورد، وەک پرسی ئاسایشی نەتەوەیی پێناسە دەکات (فەرۆز ئەحمەد، ٢٠٠٦: لا ٢٧٧–٢٨٣؛ لوتفی، ٢٠٠٨ : لا ١٨٥–٢٠٠).

ئەگەر کورد تا سەرەتای ئەو سەدەیە، تێکۆشانی بۆجیابونەوە و دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ کردبێت لە تورکیادا، ئەوا لە و کاتە بەدواوە، ئامانجەکەی خۆبەڕێوەبەرییەکی دیموکراسیانەیە لە چوارچێوەی کۆماری تورکیادا (ئۆج ئالان، ٢٠٠٩: لا ٤٧٣–٤٧٩) بەواتایەکی تر، داواکاری کورد بریتییە لە هەبونی ستاتیۆیەکی دیموکراسی ناوخۆیی کە مافە مەدەنی و سیاسی و ئابوری و کلتورییەکانی، وەک گروپێکی ئیتنیکی جیاواز دەستەبەر بکات، بەڵام تورکیا هێشتا نکوڵی دەکات لە بونی پرسێک بە ناوی پرسی کورد و ئەوەی کە ڕودەدات بە کێشەی ئاسایشی ناوخۆیی دەبینێت (لوتفی، ٢٠٠٨: لا ١٨٥–٢٠٠).

تورکیا بە درێژایی یەک سەدە، سڵی لە بەکارهێنانی ئەوپەڕی توانای خۆی نەکردۆتەوە بۆ تواندنەوەی کورد، بەجۆرێک کە توندوتیژیەکەی هەمو سنورە مرۆییەکانی بەزاندوە و چەندین جار، هەریەک لە تاوانە گەورەکانی وەک: تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ و تەنانەت هەندێک ڕەگەزی تاوانی جینۆسایدیشی ئەنجامداوە (HRW, 1995: pp. 79–165)، بەدرێژایی یەک سەدە لە هەوڵدانی کورد بۆ داننان بە پێگە ئیتنیکیە جیاوازەکەیدا، هێشتا دەوڵەت پێداگرە لە سەر دروشمە دەستورییەکانی کەمالیەکان.

لەوەها بارودۆخیکدا، مافێکی سروشتی مرۆڤە، کە مادام مافەکانی پێشێل دەکرێت و ناشتوانێت بە میکانیزمی ئاشتیانە مافە زەوتکراوەکانی وەربگرێتەوە، ناتوانرێت ناچاربکرێت کە پەنا نەباتە بەر یاخیبون و سەرهەڵدانی چەکداری لە دژی دەوڵەت، هەروەک لە پێشەکی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتوە. لە پێشەکی جاڕنامەدا، پەرەگرافێکی زۆر گرنگ هەیە کە زۆر کەمبوەتە جێی سەرنجی یاساناسان. پەرەگرافەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داندەنێت بە مافی مرۆڤ لە یاخیبون دژی پێشێلکاری ماف و سەرکوتکردن: "لەبەرئەوەی کە بنچینەییە، ئەگەر مرۆڤ نابێت ناچاربکرێت، کە پەنا بباتە، وەک دوایین چارەسەر، بەر هەڵگەڕانەوە لە دژی سەرکوتکردن و ستەم، دەبێت ئەو مافانەی پارێزراوبن بە ڕێسا یاساییەکان" (UDHR, 1948: para. 3).

ڕاڤەکردنی دروست بۆ ئەو پەڕەگرافەی جارنامە ئەوەیە کە ئەگەر حکومەتێک بەرپرسیاریەتی خۆیی جێبەجێ نەکرد لە فەراهەمکردنی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ، ئەوە لە ساتی پێشێلکردنی برگەکانی گرێبەستە کۆمەڵایەتیەکەدایە و خەڵکی دەتوانن لە دژی ڕاپەڕن. بە خوێندنەوەیەکی تر، یاسای نێودەوڵەتی یاخیبونی خەڵک قەدەغە ناکات لەبەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانیان، بەڵکو شەڕێکی نارەوا و دژ بە ئامانج و مەبەستی نەتەوە یەکگرتوەکان قەدەغە دەکات، کە لەبەرامبەر ماف و ئازادییە بنچینەییەکانی مرۆڤدایە.

لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمدا و بەدیاریکراوی لە ساڵی (١٩٧٣)دا، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان پرۆژەبڕیارێکی دەرکرد بە ناونیشانی: 'بنەما سەرەکیەکانی پەیوەندیدار بە پێگەی یاسایی ئەو جەنگاوەرانەی کە تێدەکۆشن لە دژی دەسەڵاتی داگیرکاری بێگانە و ڕژێمی ڕەگەزپەرستی'. لەو پرۆژە بڕیارەدا، کۆمەڵەی گشتی دانینا بەڕەوایەتی خەباتی گەلانی داگیرکراو لەدژی کۆلۆنیالیزم و دڵنیایدا لەوەی کە خەباتەکەیان بەتەواوی بەگوێرەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتییە. زیاتر لەوەش، کۆمەڵەی گشتی، هەر هەوڵێکی بۆ لەناوبردنی خەباتی ئەو گەلانە بە پێچەوانەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان هەژمارکرد، لە ناویاندا دەستوری نەتەوە یەکگرتوەکان، کە تایبەتمەندییەکی نێودەوڵەتی دایە ناکۆکیە چەکدارییەکانیان و پێگەی جەنگاوەرانی دەستگیرکراویشی، وەک دیلی جەنگ دیاریکرد ((UNGAR (3103), (12 December 1973). ئەگەرچی کە ناوەڕۆکی پرۆژەبڕیارەکە، پەیوەندیدارە بە سەردەمی کۆلۆنیالیزم و گەلانی داگیرکراو، بەڵام لەکۆتایدا ئامانج لە پرۆژەبڕیارەکە، دروستکردنی کۆمەڵێک ڕێسای نەریتین بۆ جەختکردن لەسەر مافی چارەی خۆنوسین، وەک مافێکی جەوهەری و نەهێشتنی زوڵم و ستەم، تەنانەت ئەگەر بەڕێگەی چەکداریش بێت. هەر وەک چۆنیش دوای نەمانی کۆلۆنیالیزم، مافی چارەی خۆنوسین مایەوە پەیوەندیدار بە کەمینەکان، هەر بەو جۆرەش، دەکرێت میکانیزمی خەباتی چەکداری ئەو گەلانەش هێشتا یاسایی بێت بۆ کەمینەکان، لەژێرکاریگەری ئەو پرۆژەبڕیارەدا.

هەرچەندە، ڕاستییەکی کرداری تاڵیش هەیە کە دەبێت دانی پێدابنێین، ئەویش ئەوەیە کە بابەتی مافی چارەی خۆنوسین، بەتایبەت بۆ کەمینەکان، زۆر پەیوەستە بەپشتگیری سیاسی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. تورکیا دەوڵەتێکی گرنگە لە ئاسیا و ئەوروپادا، بەجۆرێک کە بەرژەوەندی هاوبەشی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی دنیادا هەیە. ئەو دەستکەوتە سیاسیانەی کە جیهان لە کورد دەستی دەکەوێت زۆرکەمترە بەراورد بەو دەستکەوتانەی کە لە تورکیا بەدەستی دەهێنێت. بەتیرۆریست ناساندنی 'پەکەکە'، زەحمەتییەکی کەم و دەستکەوتی گەورەی بۆ دنیا هەبوە، بۆیە بە تیرۆریست ناساندنی ڕێکخراوەکە، زۆرتر بابەتێکی سیاسیە نەک یاسایی، بەسەرنجدان لە پێگەی 'پارتی یەکێتی دیموکراتیک'[١٣] و'یەکینەکانی پاراستنی گەل'[١٤]، ئەو ڕاستیە ڕونتر دەبێتەوە، کە ئەگەرچی یەک ئایدۆلۆژیا و ئەجێندای هاوبەش پەیرەوی دەکەن لەگەڵ 'پەکەکە'، بەڵام یەکەمیان پارێزەری مافی کەمینەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریایە و دوەمیان تیرۆریستە بەلای دنیاوە.

بەکورتی، شەڕی چەکداری کورد لە ئەمرۆی تورکیادا هیچ ناکۆک نییە لە گەڵ بنەما گشتیەکانی یاسای نێودەوڵەتی، ئەوەندی کە ڕەچاوی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بکرێت، بەڵکو تورکیا لە ناو پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤدایە وبەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی لەسەرشانە، کە مافە بە کۆمەڵەکانی گەلی کورد بدات، مادام هەمو گەلێک مافی چارەی خۆنوسینی هەبێت، بە جۆرێک کە ئازادانە پێگەی سیاسی خۆی دیاری بکات و شوێن

پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتوریەکانی خۆی بکەوێت ,Declaration on Friendly Relations) 1970, para 7). تورکیا کاتێک دەتوانێت سود لە بنەماکانی سەربەخۆیی سیاسی و یەکێتی خاک ببینێت، کە ڕێز لە مافی کورد بگرێت، لە فەراهەمکردنی خۆبەڕێوەبەرییەکی دیموکراتی ناوخۆیی و بەکردەیی جێبەجێی بکات (Declaration on Friendly Relations, 1970, para 7). لە کاتی دژیەکی بنەماکانی سەربەخۆیی سیاسی و یەکێتی خاک لەگەڵ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورددا، بێگومان یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ پێشینە دەدات بەقەدەغەکردنی پێشێلکاری ماف و ئازادیەکانی کوردان ,Espiell, 1980: para. 89; Papian, 2010) p. 33).

## کۆتایی

لە کۆتای ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە چەند ئەنجامێک، پەیوەندیداربە شەڕی چەکداری کورد لە تورکیا و ڕەوایەتی شەڕەکە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا. هاوکات لەگەڵ ئەنجامەکان، کۆمەڵێک ڕاسپاردەش دەخەینەڕو، وەک زەمینەیەک بۆ پێشخستنی دۆزی کورد و گەیشتن بە ڕێگای چارەسەری کیشەکە. بەم شێوازەی خوارەو:–

## ئەنجامەکان:

١. کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕیشەیەکی مێژویی دێرینی هەیە، کێشەکە لە بنچینە مێژوییەکەیدا کێشەی خاک و سەروەریە بەڵام لە ئەمڕۆدا و لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی نوێدا کێشەی کەمینەو مافە لەو دەوڵەتانەی کە تیایدا دەژین، لە ناویاندا تورکیا.

٢. پێگەی کورد لە ڕۆژی ئەمڕۆدا کەمینەی ئیتنیکییە لە تورکیادا و دەچێتە چوارچێوەی پێناسەی گەل، لەسەر بنەمای ترادسیۆنی مێژویی و یەکیەتی کلتوری و هاوشێوەیی زمانەوانی و پەیوەندی جوگرافی و ژیانی ئابوری هاوبەش، بۆیە شایستەیە بە مافی بە کۆمەڵی خۆبەڕێوەبەری سیاسی لە ناوخۆی ئەو دەوڵەتەدا.

٣. تورکیا زۆرترین ژمارەی کوردی تیادا دەژی و کورد بەشێکی گەورە لە دانیشتوانەکەی پێکدەهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نە لە دەستور و یاسا کۆنەکانیدا و نە لە دەستور و یاسا تازەکانیدا دانی بەپێگە و شوناسی جیاوازی کورددا نەناوە و نانێت و نکوڵی دەکات لە مافی خۆبەڕێوەبەری سیاسیان. بەواتایەکی تر، لەلای دەوڵەت، دانیشتوانی کورد لە تورکیا، هەر تورکن و تایبەتمەندی مێژوی و جوگرافی و زمانەوانی و کلتوریشیان هەر تورکییە وئەوەش مەرجی دەستوری هاووڵاتیبونیانە.

٤. لەبەرامبەر سیاسەتی نکوڵی دەوڵەتی تورکدا، کوردیش ملکەچنەبوە و بەرەنگاری نواندوە. میکانیزمی پەسندکراو بۆ بەرەنگاربونەی سیاسەتی دەوڵەت لەلای کورد هەمیشە ئاشتیخوازانە و مەدەنیانەبوە، بەجۆرێک کە داواکاری کردوە و ویستویەتی دەوڵەت داواکارییەکانی جێبەجێبکات، بەڵام وەڵامی دەوڵەت پێداگری زیاتر بوە لەسەر سیاسەتی نکوڵی و ڕەتکردنەوە، بە بیانوی پاراستنی سەروەری و ئاسایشی نەتەوەی تورک و یەکێتی خاکی تورکیا.

٥. لەسەردەمانی ڕابردودا، کورد چەند جار شۆڕش و سەرهەڵدانی بەرپاکردوە و لەدەیەی کۆتای سەدەی ڕابردوشەوە، چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنی دامەزراندوە، وەک هەنگاوێکی جێگرەوە بۆ شەڕ و ڕوبەڕوبونەوەی چەکداری و دەستکردن بە خەباتی پەرلەمانی و شەقام، بەڵام زۆربەی پارت و ڕێکخراوەکان داخراون و سەرۆک و ئەندامەکانیشیان دەستگیر کراون و تەنانەت زۆرێکیشیان غافڵکوژکراون.

٦. لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی نوێدا، ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی هەیە، پەیوەندیدار بە ڕێزگرتن و فەراهەمکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، چ وەک تاک، چ وەک گروپ، کە تورکیا ئەندامە تیایاندا و ژمارەیەکی زۆر ڕێسای نەریتیش هەیە لەو بارەیەوە، کە تایبەتمەندی پابەندکاریان هەیە بەسەرهەمو دەوڵەتاندا. بەگوێرەی ئەو ڕێسایانە، تورکیا بەرپرسیاریەتی یاسایی لەسەر شانە، کە دان بەپێگە و مافی کەمینەکانیدا بنێت لە دەستور و یاساکانیدا. بۆیە مافی کورد، وەک کەمینەی ئیتنیکی لە پیادەکردنی مافی خۆبەڕێوەبردن، مافێکی جەوهەرییە بەپێی ڕێساکانی یاسای نێوەدەوڵەتی نوێ و دەبێت فەراهەم بکرێت.

٧. بەردەوامی تورکیا لە پێشێلکاری ماف و ئازادییەکانی کوردان، ڕەوایەتی دامەزراوە یاساییەکانی تورکیای نەهێشتوە سەبارەت بە گەلی کورد. بە واتایەکی تر، کورد چوارچێوەیەکی یاسایی هەیە بۆ یاخیبون لە دژی دەوڵەت، کە 'جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ' و چەندان بەڵگەنامەی یاسای نێودەوڵەتی ترن لەڕۆژی ئەمڕۆدا.

٨. یاسای نێودەوڵەتی وەک ڕێسایەکی گشتی ڕێگە بە میکانیزمی چەکداری نادات، تەنانەت بۆ دەستەبەرکردن و گێڕانەوەی ماف و ئازادیش، تا میکانیزمێکی ئاشتیانە بەردەست بێت، بەڵام ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە سیاسی و کلتورییەی لە تورکیا هەیە، دەرفەتی بەرەنگاری مەدەنی بۆ کورد ئێجگار زۆر سنوردار کردوە، بەجۆرێک زۆر کەمترە لەئاستی سیاسەتی سەرکوتکارانەی دەوڵەت، بۆیە کورد دەتوانێت پەنا بباتەبەر ڕوبەڕوبونەوەی چەکداری لە بەرامبەر دەوڵەتدا، لەپێناو ڕاگرتنی پێشێلکارییەکان و ناچارکردنی دەوڵەت بە گۆڕانکاری دەستوری و یاسایی کە داننان بە شوناس و مافەکانی دەستەبەر بکات.

## ڕاسپاردەكان

١. لەخوێندنەوەی ئەو بارودۆخە مێژوی و کلتوری و یاساییەی کە هەیە لەتورکیادا، مرۆڤ تێدەگات، کە کورد هیچ ڕێگایەکی ئاشتیخوازانەی لەبەردەمدا نەبوە بۆ بەرەنگاربونەوەی سیاسەتی نکوڵی دەوڵەت، بەڵام جەختی کورد لە سەدەی ڕابردودا زیاتر لە سەرسنوری مێژوی و جوگرافی کوردستان و هەبونی قەوارەیەکی خاوەن سەروەری کوردی بوە. دەبێت ئاراستەی کورد لەم قۆناغەدا زیاتر بەرەو داننان بە شوناسە جیاوازەکەی و ماف و ئازادییە بنەڕەتەکانی بێت، وەک کیانێکی ئیتنیکی جیاواز لەناو تورکیادا، نەک سنوری جوگرافی و سەروەری. تێگەیشتنی کورد لەم ڕاستییە و کارکردنی بەو ئاراستەیەدا لە ئێستادا هەنگاوێکی دروستە و کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر لاوازبونی بیانو و بانگەشەکانی تورکیا و گۆڕانی بۆچونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ پشتگیری کێشەکە.

٢. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی، شەڕی چەکداری کورد ڕەوایە و ناونیشانی تیرۆر جگەلە مامەڵەی سیاسی و مجامەلەی دیبلۆماسی هیچی تر نییە و خەباتی مەدەنی و سیاسیش ئێجگار زۆر سنوردار و دژوارە لە تورکیا، بەڵام دژواری گرتن و زیندانیکردن و ئەشکەنجە و تەنانەت مردنیش لە شەقام و زیندانەکانی تورکیادا هیشتا کەمترە لە دژواری شەڕ و شوێنەوارە کۆمەلایەتی و ئابوری و کلتورییەکانی بۆسەر کوردان، بۆیە دەبێت کورد لەهەمو بارودۆخەکاندا هێزی چەکداری هەبێت، بەڵام پێشینە بدات بە خەباتی شارستانیانەو شەهادەتی زیندان بە کەمترنەبینێت لە شەهادەتی سەر چیا.

٣. ئەگەرچی شەڕی چەکداری کورد کاریگەری ئەرێنی هەبوە لەسەر زیندوکردنەوەی شوناس و کێشەی مێژوی کورد لەناوخۆی تورکیادا، بەڵام ئەوەی کە کێشەکەی گەیاندۆتە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی گەریلا نییە، بەڵکو پەرلەمانتاران و چالاکوانانی مەدەنی کوردن لە تورکیادا و بەبێ پاڵپشتی و فشاری هەرێمی و نێودەوڵەتیش، دەرئەنجامی خەباتی ئێستای کورد هەمان دەرئەنجامی شۆڕشەکانی ڕابردویە، بۆیە دەبێت کورد زیاتر جەخت لە خەباتی سیاسی و یاسایی و دیبلۆماسی بکات لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهان بە کەڵک وەرگرتن لە دامەزراوەکانی وەک ئەنجومەنی ئەوروپا، دادگای مافی مرۆڤی ئەروپا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئۆرگانەکانی سەربەو ڕێکخراوە.

٤. کورد تەنیا کەمینە نییە لەتورکیادا کە کێشەی شوناس و مافی هەیە، بەڵکو چەندین کەمینەی تر هەیە کە قوربانی هەمان سیاسەتن، بۆیە دامەزراندنی 'پارتی دیموکراسی گەلان' و کارکردنی بە ئاراستەی دەستەبەرکردنی مافی هەمو کەمینەو پێکهاتە جیاوازەکانی تورکیا، هەنگاوێکی درەنگ وەختە، بەڵام هێشتا کاریگەرە و دەبێت ئەو پارتە خۆی بەدور بگرێت لە شوناسێکی کوردیانە و پەرەبدات بە ئەجێندای دروستکردنی هاوهەستی لە کێشەی کەمینەکانی تورکیا و هاوهەڵوێستی لە ڕوبەڕوبونەوەی سیاسەت و یاساکانی پەیوەندیدار بە نەهێێشتنی مۆزایکی ئیتنیکی و ئاینی و ڕەگەزی، بە ئامانجی هەموارکردنیان و دروستکردنی تورکیایەکی دیموکرات.

# The Kurdish Armed Struggle in Turkey and the Scope of International Law

**Rebaz R. Khdir[1] - Hiwa Mahmood Abdalla[2]**

[1+2]Department of Law, College of Humanities, University Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

**“We are going to have peace even if we have to fight for it”.**
"Dwight D. Eisenhower"

## Abstract

The Kurdish issue is one of the complex issues in the Middle East region that has along bloody history. Although the issue is originally related to the sovereignty of the Kurds over their historical land, the geopolitical changes has transformed it into the question of identity and group rights in the states into which they are divided. Turkey is one of the region’s new states where the majority of Kurds reside in today but the state denies their distinct ethnic identity in its constitution and laws and they have consequently been deprived of all collective civil and political rights in the form of democratic autonomy. Meanwhile, the Kurds have a distinct historical tradition, cultural homogeneity, linguistic unity and territorial connection which ultimately make them qualify as a people and according to modern international law, all peoples have the right to self-determination at least in an internal context. In contrast to the state denial and tyrannical policy, the Kurds have not kept their silence but resisted the state. In their resistance, they have tried to resort to peaceful means in the form of demands and agreements and in contemporary times through political and civil parties and organizations but the state has not and does not allow such a movement. This article attempts to illustrate the origins of the issues which are rights and freedoms of the Kurds on the bases of a discriptive analytical method, alongside the recognition of the Kurdish struggle in Turkey as terrorism by the international community under the influence of Turkish media and diplomacy.

**Keywords:** Kurdish Question, Civil and Political Rights, Ethnic Minority, Sovereignty and Territorial Integrity, Self-determination, Armed Struggle.

## سەرچاوەکان


بیتلیسی، ئیحسان نوری. (۱۹۹۳)، شۆڕشی نەتەوەی کورد لە تورکیا، بەغدا: دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، وەرگێڕانی: جەمیل ڕۆژبەیانی.

بێشکچی، ئیسماعیل. (۱۹۹۱)، کوردو مەسەلەی کورد، سلێمانی: چاپخانەی تاڤگە، وەرگێڕانی: لاس .

بێشکچی، ئیسماعیل. (۲۰۰۲)، کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، وەرگێڕانی: حەمە ڕەشید .

بێشکچی، ئیسماعیل. (۲۰۰٦)، کوردو کوردستان لە نامەکەی ئیسماعیل بێشکچی بۆ یۆنسکۆ، چاپی سێیەم، کرکوک: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، وەرگێڕانی: موکری.

بەرگەم، کنوت، ئەکی لۆڤە، بیئاتە. (۲۰۱۱)، کورتە باسێک سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، وەرگێڕانی: ابراهیم صالحی ڕاد.

بەشیری، حوسێن. (۲۰۰۵)، دیموکراسی بۆ هەموان، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، وەرگێڕانی: حوسێن محمد زادە.

جودی، حەسەن. (۲۰۰۸)، مێژوویەک لە ئاگر، چاپی یەکەم، کۆمیتەی ڕاگەیاندنی (پ چ د ک).

کوچوک، یالچین. (۱۹۹٦)، داستانی ژیانەوە: گفتوگۆیەکی مامۆستا یالچین کوچوک لەگەڵ عبدوڵڵا ئۆجەلان، چاپی یەکەم، چاپکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان.

لازاریف. (۲۰۱۲)، مێژوی کوردستان، چاپی پێنجەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، وەرگێڕانی: وشیار عبدالله.

لوتفی، مەنال. (۲۰۰۸)، لە ئەتاتورکەوە بۆ ئەردۆغان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕون، وەرگێڕانی: مەجید ساڵح و موحسین ئەدیب .

مەندەلاوی، محەمەد مەحمود. (۲۰۱۲)، مێژو شارستانیەتی کورد، چاپی دوەم، بیروت: دارالمعرفة، وەرگێڕانی: محەمەد وەسمان.

هاوار، محمد ڕسوڵ. (۲۰۰٦)، کورد و باکوری کوردستان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، بەرگی دوەم، چاپی دوەم، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک.

هاوار، محمد ڕسوڵ. (۲۰۰٦)، کورد و باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دوەمی جیهان، بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک.

وەیسی، عوسمان علی. (۲۰۱۲)، دەروازەیەک بۆ یاسای گشتی نێودەوڵەتی، چاپی دوەم، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

ئۆج ئالان، عبدوڵڵا. (۲۰۰۹)، کێشەی کورد و ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، وەرگێڕانی: لوقمان عەبدوڵڵا .

ئەحمد، جەمال ڕەشید و ڕەشید، فەوزی. (۲۰۱۱)، مێژوی کۆنی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، وەرگێڕانی: ملکۆ کەلاری .

ئەحمەد، سامان حوسێن و مەحمود، بەختیار سەعید. (۲۰۱٤)، مێژوی هاوچەرخی تورکیا، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین .

ئەحمەد، فەرۆز و چەند نوسەرێکی تر. (۲۰۰٦)، تورکیا نەبەرد لە پیناوی مانەوەدا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، وەرگێڕانی: دەستەیەک وەرگێر.

خليل ، ينالجيك. (٢٠٠٢)، تأريخ الدولة العثمانية من النشو إلى الانحدار،الطبعة الأولى، بيروت: دار المدار الإسلامي، بيروت، ترجمة: محمد الأرناؤوط.

زين العابدين، شمس الدين نجم. (٢٠١٠)، تاريخ الدولة العثمانية، عمان: دار السيرة للنشر و التوزيع.

عبو، عبدالله على. (٢٠١٥)، القانون الدولي العام، دهۆک: مكتبه يادگار .

Biagini, Antonello and Motta, Giovanna (eds.). (2014), *Empires and Nations from the Eighteenth to the Twentieth Century*, Cambridge: Cambridge Scholars Publishing.

Crawford, J. (2000), Democracy and the Body of International Law, in G.H. FOX and B.R. ROTH (eds.), *Democratic Governance and International Law*, Cambridge: Cambridge University Press.

Grffioen, Christine. (2010), *Self-Determination as a Human Right (The Emergency Exit of Remedial Secession)*, Netherlands: Utrecht University.

Lewis, Bernard. (1969), *The Emergence of Modern Turkey*, Oxford: Oxford University Press.

Lincoln, Abraham (4 July 1861), "Message to Congress in Special Session," in Roy Basler (ed.) (1953), *The Collected Works of Abraham Lincoln*, Vol. 4, New Brunswick: Rutgers University Press.

McMahon, Robert. (2003), *Cold War: A Very Short Introduction*, Oxford: Oxford University Press.

Nussbaum, Arthur. (1954), *A Concise History of the Law of Nations*, New York: Macmillan.

Service, Robert. (2015), *The End of the Cold War: 1985–1991*, London: Macmillan.

على، عبدالله محمد. (١٩٩٨)، كردستان في عهد الدولة العثمانية من منتصف القرن التاسع عشر الى بدء الحرب العالمية الاولى (دراسة في التاريخ السياسي)، اطروحة دكتورا، جامعة صلادين.

Celep, Ödul. (2014), Can the Turkish Left Contribute to Turkey's Democratization, *Insight Turkey*, 16(3), pp: 165-180.

Derisiotis, Anthony. (2019), Erdoğan, Turkey's Kurds and the Regionalisation of the Kurdish Issue, *New Middle Eastern Studies* 9 (1), pp. 53-68.

Elibol-Brröneke, Zenep. (2015), *Turkey's Reservations to International Human Rights Instruments–The Issue of Compatibility with the Object and Purpose*. Available at: https://bit.ly/3pOXEX6 (Accessed 10 June 2022).

Güney, Aylin. (2002) The People's Democracy Party, *Turkish Studies*, 3(1), pp. 122-137.

Heper, Metin and Yildirim, Senem. (2011), Revisiting Civil Society in Turkey, *Southeast European and Black Sea Studies* 11 (1), pp. 1–18.

Keerawella, Gamini. (2014), *Formless as Water, Flaming as a Fire, Some Observations on the Theory and Practice of Self-Determination*, Institute of Developing Economies.

Maya Arakon. (2014), Kurds at the Transition from the Ottoman Empire to the Turkish Republic, *Turkish Policy Quarterly*, 13(1), pp. 140-148.

Papian, Ara. (2010), On the Principles of Self-Determination and so-called Territorial Integrity in Public International Law: The Case of Nagorno-Karabakh, *21st CENTURY*, 8 (2), pp.21-37.

Saul, Mathew. (2011), The Normative Status of Self-Determination in International Law: A Formula for Uncertainty in the Scope and Content of the Right? *Human Rights Law Review*, 11(4), pp. 609-644.

Simsek, Safa. (2004), The Transformation of Civil Society in Turkey: From Quantity to Quality, *Turkish Studies* 5 (3), pp. 46–74.

Watts, Nicole F. (1999), Allies and Enemies: Pro-Kurdish Parties in Turkish Politics, 1990–1994, *International Journal of Middle East Studies*, 31 (4), pp.631-656.

Wouters, Jan, De Meester, Bart et al. (2004), *Democracy and International Law*, Working Paper, K.U. Leuven. Available at: https://bit.ly/3cpMCV8 (Accessed: 27 May 2022).

Yabanci, Bilge. (2019). Turkey's Tamed Civil Society: Containment and Appropriation under a Competitive Authoritarian Regime, *Journal of Civil Society* 15 (4), pp. 285-306.

Declaration on Principles of International Law concerning Friendly Relations and Co-operation among States in accordance with the Charter of the United Nations, General Assembly Resolution 25/2625 (24 October 1970).

European Convention for the Protection of Human Rights and Fundamental Freedoms (ECHR) (adopted 4 November 1950, entered into force 3 September 1953) ETS 5.

International Covenant on Civil and Political Rights (ICCPR)) (adopted 16 December 1966, entered into force 23 March 1976) 999 UNTS171.

International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights (ICESCR)) (adopted 16 December 1966, entered into force 3 January 1976) 993 UNTS 3.

United Nations General Assembly Resolution (UNGAR) A/RES/50/133, (20 December 1995).

United Nations General Assembly Resolution (UNGAR), A/RES/43/157, (8 December 1988).

United Nations General Assembly Resolution (UNGAR), A/RES/3103, (12 December 1973).

United Nations Charter (UN Charter) (adopted on 26 June 1945, entered into force on 24 October 1945) 1 UNTS XVI.

Universal Declaration of Human Rights (UDHR)) (adopted 10 December 1948) 217 A (111).

Vienna Convention on the Law of the Treaties (Vienna Convention) (adopted 23 May 1969, entered into force on 27 January 1980) 1155 UNTS 331.

Case of Freedom and Democracy Party (ÖZDEP) v. Turkey. (23885/94/8 December 1999), European Court of Human Rights (ECtHR), Judgment.

Milletvekili Seçimi Kanunu. (10/6/1983), T.C Resmi Gazete, Kanun No. (2839). Mevcut: https://bit.ly/3pXlsrH (Erişildi: 23 June 2022).

Turkish Law on Association. (4/11/2004), (Law No. 5253). Avaialble at: https://bit.ly/3AAY20y (Accessed: 15/6/2022).

Türkiye Cumhuriyeti Anayasası (Kabul edildi 20/1/1921). Mevcut: https://bit.ly/3Tn2xEn (Erişildi: 1/6/2022).

Türkiye Cumhuriyeti Anayasası. (Kabul edildi 20/4/1924). Mevcut: https://bit.ly/3pQYToL (Erişildi: 1/6/2022).

Türkiye Cumhuriyeti Anayasası. (Kabul edildi 9/7/1961). Mevcut: https://bit.ly/3crPf8V (Erişildi: 2/6/2022).

Türkiye Cumhuriyeti Anayasası (Güncel, 2017 Değişiklikleri Işlenmiş), (Kabul edildi 18/10/1982). Mevcut: https://bit.ly/3PVjpPM (Erişildi: 2/6/2022).

Amnesty International (AI). (2018). *Turkey: Government Crackdown suffocating Civil Society through Deliberate Climate of Fear*. Available at: https://bit.ly/3ARuU6i (Accessed: 17/6/2022).

Boutros-Ghali, Boutros. (1996), *An Agenda for Democratization*, New York: United Nations. Available at: https://bit.ly/3AVNJ8I (Accessed: 27 May 2022).

Espiell, Hector Gros. (1980), *The Rights to Self-determination: Implementation of the United Nations Resolutions*, New York: United Nations.

Human Rights Watch (HRW). (1995) *Weapons Transfers and Violations of the Laws of War in Turkey*, New York: Human Rights Watch Arms Project.

Human Rights Watch (HRW). (2018), *Turkey: Events of 2017*. Available at: https://bit.ly/2C0tl9X (Accessed: 16/6/2022).

International Crises Group. (8 May 2014), *Flight of Icarus? The PYD's Precarious Rise in Syria*, Middle East Report No. (151). Available at: https://bit.ly/3PUMdHZ (Accessed: 20 June 2022).

Office of the United Nations Higher Commissioner for Human Rights (OUNHCHR), Report on the Human Rights Situation in South-East Turkey from July 2015 to December 2016. (2017). Available: https://bit.ly/3pSyiYi (Accessed: 26 May 2022).

Trends in Turkish Civil Society. (2017), Washington DC: Center for American Progress et al.

United Nations Educational, Scientific and Cultural Organisation (UNESCO)), International Meeting of Experts on Further Study of the Concept of the Rights of People-Paris (27-30 November 1989)). (22 February 1990), (SHS-89/CONF.602/7).

7748 Kurds in Turkish Custody-3895 Arrested in 30 Months in the Scope of KCK Operations. (7 October 2011). Kurd Daily. Available at: https://bit.ly/3wAaLPS (17 June 2022).

Barwari, Rawa. (03/03/2019), President Erdogan Frequently targets the Pro-Kurdish HDP and the Turkish Opposition as "Terror Collaborators, Kurdistan 24. Available at: https://bit.ly/3KqJllb (Accessed: 20 June 2022).

Crossing the Threshold-The Turkish Election. (11 June 2015), Electoral Reform Society. Available at: https://bit.ly/3e7LdTv (Accessed: 24 June 2022).

Cupolo, Diego. (2/10/2016), Kurdish Politicians to appear in Turkish Courts by Force, DW. Available at: https://bit.ly/3AXHrVP (Accessed: 21 June 2022).

Declaration of the Establishment of the Syrian Democratic Forces. (15 October 2015), ANF. Available at: https://bit.ly/3RgdS7a (Accessed: 21 June 2022).

Ergin, Sedat. (20 December 2017), Turkey is the Champion of Rights Violations at the ECHR, Hürriyet Daily News. Available at: https://bit.ly/3CHTbNv (Accessed: 10 June 2022).

HDP left with Six Municipalities out of 65 It won in March 2019 Elections. (2 October 2020), Duvar. Available at: https://bit.ly/3AA3Ozc (Accessed: 20 June 2022).

History of Kurdish Political Parties in Turkey. (2022), HDP Europe. Available at: https://bit.ly/3Re7uh6 (Accessed: 17 June 2022).

Idil, Neşe. (18 March 2021), History repeats Itself: Turkey seeks Closure of a Pro-Kurdish Party - yet Again, Duvar. Available: https://bit.ly/3Q5rEbU (Accessed: 15 June 2022).

One in Three HDP Members detained Over Last 3 Years. (10 March 2018), Ahval. Available at: https://bit.ly/3cu9zGH (Accessed: 21 June 2022).

Population, Total-Turkiye. (2022), The World Bank. Available at: <Population, total - Turkiye | Data (worldbank.org)> (Accessed: 26 July 2022).

Ratification of International Human Rights Treaties–Turkey, University of Minnesota-Human Rights Library. Available at: https://bit.ly/3wIOe3b (Accessed: 5 June 2022).

The International Court of Justice (ICJ), List of all Cases. Available at: <List of All Cases | International Court of Justice (icj-cij.org)> (Accessed: 26 July 2022).

The Trustee Regime in Turkey and Denial of the Rights to Vote and the Right to be Elected. (31 March-20 November 2019), HDP Europe. Available at: https://bit.ly/3pUPyMz (Accessed: 20 June 2022).

Wiseman, Jamie. (10 March 2020), Turbulent Times: Turkey and European Court of Human Rights, Free Turkey Journalists. Available at: https://bit.ly/3czVsjg (Accessed: 10 June 2022).

World Alliance for Civil Participation (CIVICUS). (2018), State of Civil Society Report. Available at: https://bit.ly/3KzxnFL (Accessed:15/6/ 2022).

**پەراوێزەکان:**

[١] 'پەکەکە' هێزێکی سیاسی و چەکداری کوردییە کە بەسەرکردایەتی سیاسەتمەداری کورد عبدالله ئۆجەلان لە ناوچەی ئامەد، لە بەرواری (٢٦ و٢٧/ ١٢/ ١٩٧٨) دامەزراوە. ئەگەرچی ئامانجی ڕێکخراوەکە لەسەرەتادا دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی بوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، بەڵام لەسەرەتای دوهەزارەکانەوە، بانگەشە بۆ مافەکانی گەلی کورد و خۆبەڕێوەبەرییەکی دیموکراسی ناوخۆیی بۆ ناوچە کوردیەکانی تورکیا دەکات. شایەنی ئاماژەدانە کە 'پەکەکە' خاوەن دنیابینی و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتە پەیوەندیدار بە بابەتی دەوڵەت و کۆمەڵگا و سیستەم و ڕێکخستنی سایسی و جڤاکی لە ئێستادا و هەبونێکی بەهێزی سیاسی و مەدەنییشی هەیە لە هەمو پارچەکانی کوردستان و تەنانەت لە نێو کوردانی دیاسپۆراشدا ( بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: کوچوک، ١٩٩٦: لا٦٦-٧٥؛ جودی، ٢٠٠٨: لا ٧٣-٢٧٠) .

[٢] مەبەست لە دەستەواژەی تورکیای نوێ بریتییە لەو کیانە کۆمارییە سێکیولارەی کە بەسەرۆکایەتی مەستەفا کەمال ئەتاتورک، لە بەرواری (١٩٢٣/١٠/٢٩) دا دامەزراوە، لە دوای دۆڕانی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی خاکەکەی لەلایەن بەریتانیا و فەرەنسا، لەسەر بنەمای پەیماننامەی سایکس-پیکۆ. ڕوبەری تورکیای نوێ بریتییە لە (٧٨٠،٥٨٠) کیلۆمەتری چوارگۆشە و هاوسنورە لەگەڵ هەریەکە لە وڵاتانی یۆنان و بولگاریا لە باکوری ڕۆژئاوا و دەریای ڕەش لە باکور و جۆرجیا و ئەرمینیا و ئێران لە ڕۆژهەڵات و عێراق و سوریا لە باشوری ڕۆژهەڵات و دەریای ناوەڕاست لە باشور و باشوری ڕۆژئاوایەوە. شایەنی ئاماژەدانە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی لە کاتی ئێستادا نزیکەی (٨٥) ملیۆن کەسە (بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە Lewis, 1969: pp: 240-293; Korfali and Üstubici *et al.*, 2014: p 5; The World Bank, Population, Total-Turkiye).

[٣] سەرهەڵدانی کۆچگیری یەکەم ڕاپەڕینی کورد بو لە دژی کەمالییەکان لە تورکیادا، کە لە ساڵی (١٩٢١) دا لە ناوچەی (قزڵباش) ی (دەرسیم) دا ڕویدا. ڕاپەڕینەکە لەلایەن هۆزی (کۆچگیر)ی قزڵباشی بەرپاکرا، لەژێر سەرکردایەتی چەند ئەندامێکی (کۆمەڵەی ئازادی کوردستان). سەرهەڵدانەکە ڕوبەرێکی زۆری لە خاکی کوردستان گرتەوە، کە بە (١٥) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە مەزەندە دەکرا و زیاتر لە (٦) هەزار چەکداری کورد لە چوارچێوەی (١٥) یەکەدا دەجەنگان. ئەگەرچی بەشێکی گەورەی خاکی کوردستان ئازاد کراو، بەڵام لەکۆتاییدا ڕاپەڕینەکە سەرکوتکرا بەهۆی نابەرامبەری هێز و نەبونی ڕێکخستنێکی سیاسی و سەربازی پێشوەختە وکێشەی مەزهەبی و نەبونی پشتیوانی جەماوەری لەلایەن تەواوی کوردانەوە (لازاریف، ٢٠١٢، لا: ٣٣٨-٣٣٩).

[٤] شۆڕشی (بیت الشباب) بە دوەمین سەرهەڵدانی کوردان دادەنرێت لە دژی کەمالییەکان و یەکەم ڕاپەڕینی کوردە لەدژی کۆماری تورکیا. شۆڕشەکە لە مانگی (٨) ساڵی (١٩٢٤)دا دەستی پێکرد بە ڕابەرایەتی ئەندامانی (پارتی ئازادی کوردستان)، هەریەک لە (خالید بەگ جبرانلی)، (ئیحسان نوری) و (یوسف زەیا). شۆڕشەکە لەبەرامبەر هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی و سیاسەتی سەرکوتکاری تورکیا لە بەرامبەر شوناس و بەکارهێنان و فێرکردنی زمان کوردی بەرپاکرا و هاوکات شۆڕشگێڕان داوای گێڕانەوەی خەڵکی ڕاگوێزراوی کوردیان دەکرد بۆ سەر زەوی وزاری خۆیان. هەرچەندە، دوای تەنیا چەند مانگێکی کەم، سەرکردەکانی شۆڕشەکە دەستگیر کران و شۆڕشەکە بێ ئەنجام دامرکایەوە (هاوار، ٢٠٠٦: لا٢٧٠-٢٧٦).

[٥] شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دوەم سەرهەڵدانی چەکداری کوردان بو لە دژی کۆماری تورکیا، کە لە ساڵی (١٩٢٥) بەرپاکرا، بەبڕیاری (پارتی ئازادی کوردستان)، کە شێخ سەعید لەو کاتەدا سەرۆکایەتی دەکرد. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشەکە هەمان ئەو هۆکارانەبون، کە سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکانی تریان هەڵگیرساند لە پەشیمان بونەوەی کەمالیەکان لە هەمو ئەو بەڵێنانەی کە بەکوردیان دابو لە دانان بە شوناسی کورد و بەشداری کورد لە فەرمانڕەوای وڵات وفەراهەمکردنی مافە کلتورییەکانیان. شۆڕشەکە لە سەرەتادا ناوچەیەکی بەرفراوانی گرتەوە لە خاکی کوردستان، کە (چواردە) ویلایەت بو، بەڵام بەهۆی زۆری ژمارەی سوپا و نابەرامبەری چەکی تورکەکان و خیانەتی ناوخۆی کورد، شۆڕشەکە دامرکایەوە. دەرئەنجام، شێخ سەعید بەدیل گیرا لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوەڵەکانی و بەبڕیاری دادگای شۆڕشی تورکی لە سێدارەدران (بیتلیسی، ١٩٩٣، لا ١١-٣٧) .

[٦] شۆڕشی ئارارت دوای دو ساڵ لە دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دەستیپێکرد، لە ساڵی (١٩٢٧) دا، بەبڕیار و سەرپەرشتی پارتی (خۆیبون)، کە لەساڵی (١٩٢٦) دا لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە لە لوبنان دامەزرابو و (جەلادەت بەدرخان)

سەرکردایەتی دەکرد. شۆڕشەکە لە چیاکانی ئارارتەوە دەستی پێکرد بە ڕابەرایەتی (ئیحسان نوری پاشا) و لەسەرەتادا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، بەجۆرێک کە تورکەکانیان ناچاربەهاتنە پێشەوە و گفتوگۆ کردن کرد. ئامانجەکانی شۆڕش درێژەپێدەری ئامانجەکانی شۆڕشەکانی پێش خۆیان بون لە داننا بە کوردو مافەکانی، بەڵام بە هۆکاری درەندەی تورکەکان، لە کوشتنی هاووڵاتیان و سوتاندنی ناوچەکوردیەکان و هێزو چەکی سەربازی بێشوماریان و نەبونی هەماهەنگی شۆڕشگێڕان لەگەڵ کوردانی ناوچەکانی ترو خیانەتی ناوخۆی کوردان و هاوکاری بەرچاوی ئێران بۆتورکیا لە کۆتایدا، شۆڕشەکە لە ساڵی (١٩٣٠) دا دامرکایەوە (ئەحمەد و مەحمود، ٢٠١٤، لا ٩٣-٩٦).

[٧] سەرهەڵدانی دەرسیم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاپەڕینە چەکدارییەی کە لە ناوچەی دەرسیم بەسەرۆکایەتی (سەید ڕەزا)ی دەرسیمی لە ساڵی (١٩٣٧) دژبە سوپای تورک ئەنجامدرا لەبەرامبەر ئەو سیاسەتانەی کە حکومەت لە ناوەڕاستی سیەکانەوە، لەدژی ئەو ناوچەیە پەیرەوی دەکرد، لە سەپاندنی دەسەڵاتی سەربازی و چۆڵکردن و ڕاگواستنی خەڵک و قەدەغەکردنی زمانی کوردی. لەسەرەتای شۆڕشەکەدا، کوردان توانیان کە سوپای تورک تێک بشکێنن و ناوچەی دەرسیم ئازاد بکەن، بەڵام دوای گەیشتنی هاوکاری سەربازی بە سوپای تورک و دەستپێکردنی کۆمەڵکوژی خەڵک و وێرانکردن و سوتاندنی ناوچەکانیان و لەسێدارەدانی سەید ڕەزا، لە ساڵی (١٩٣٨)دا شۆڕشەکە دادەمرکێتەوە. شایەنی ئاماژەدانە کە ڕوداوەکە لە مێژودا بە کۆمەڵکوژی دەرسیم دەناسرێت و ژمارەی قوربانیانی ناوچەکە بە هەزارەها قوربانی مەزندە دەکرێت (لازاریف، ٢٠١٢، لا: ٣٨٢-٣٨٤).

[٨] سیستەمی ویسڤالیا بریتیبو لە کۆمەڵێک بنەمای یاسای کە لە نێوان وڵاتانی کیشوەری ئەوروپا دەرچون، لەشێوەی بەستنی کۆمەڵێک پەیماننامە لەشاری (وێستڤالیا)، لە وڵاتی (ئەڵمانیا)، وەک چارەسەرێک بۆ شەڕی ئاینی درێژمەودا و بەتایبەت شەڕی (سی) ساڵە، کە قوربانی و کاولکارییەکی گەورەی لێکەوتەوە. لەگرنگترین ئەو بنەمایانەی کە لە دەرئەنجامی ئاشتی (وێستڤالیا) دەرچون بریتی بون لە بنەماکانی یەکسانی نێوان دەوڵەتان لەماف و ئەرکدا، بنەمای سەروەری و سەربەخۆی دەوڵەتان، بنەمای هاوسەنگی لە نێوان دەوڵەتان و بنەمای ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەسەر بنچینەی ئاڵوگۆڕی نوێنەرایەتی دیبلۆماسی (وەیسی، ٢٠١٢: لا ١٥-١٦).

[٩] مەبەست لە جەنگی سارد بریتییە لە سەردەمێکی مێژویی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزی جیۆسیاسی لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەلایەکەوە و یەکێتی سۆڤیەت لەلایەکی ترەوە. ئەگەرچی هەندێک ڕاجیاوازی هەیە لە نێوان مێژوناسان، بەڵام ساڵانی نێوان (١٩٤٧) بۆ (١٩٩١) ئەو کاتەیە کە زۆربەی مێژونوسان وەک مەودای جەنگەکە دیاریدەکەن. هەرچی هۆکاری ناونانی جەنگەکەشە بەو ناوە، لەبەرئەوەیە کە بەیەکدادانی سەربازی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەو دو بلۆکە سیاسیەدا لە ئاستێکی فراواندا بونی نەبوە، بەڵکو ئەوەی کە هەبوە بریتیبوە لە پشتگیری هەریەک لەو بلۆکە گەورانە لە شەڕ و ململانێی هەرێمی و ناوخۆیی دەوڵەتان و "جەنگی نوێنەرایەتی" بوە (بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (McMahon, 2003; Service, 2015).

[١٠] پەیماننامەی سایکس پیکۆ پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی بو، کە لە نێوان فەڕەنسا و بەریتانیا وبە بەشداری ڕوسیا بەسترا، لە ساڵی (١٩١٦)دا، بۆ دابەشکردنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان خۆیاندا، بەجۆرێک کە ویلایەتی موسڵ بەر ئینگلیزەکان و ویلایەتی شام و حەڵەب بەر فەڕەنسیەکان و ناوچە کوردییەکانی کوردستانی ژورو بۆ ڕوسەکان بڕیاردرا، بەڵام ڕوسەکان وازیان لە پەیماننامەکە هێنا لەبەرئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە لە ساڵی (١٩١٧)دا وڵاتەکەیانی گرتەوە و هەرچی بەریتانیا و فەڕەنسیەکانیش بون پەیماننامەکەیان لە نێوان خۆیاندا جێبەجێکرد (هاوار، ٢٠٠٦: لا ٥٣٦-٥٣٩). دواتر، لە ساڵی (١٩٢٣) دا، پەیماننامەی لۆزان بەسترا، کە تیایدا دەوڵەتی تورکیای نوێ، لەبەرامبەر دانپیادانانیدا لەلایەن فەڕەنسا و بەریتانیا و وڵاتانی تری ئەوروپا، وازی لە سەروەری خۆی هێنا بەسەر ئەو ناوچانەدا بۆ هەریەک لە فەڕەنسا و بەریتانیا (هاوار، ٢٠٠٦: لا١٩٤-٢٠٧).

[١١] بەربەستی (سەدا دە) بریتیبو لە مەرجێکی یاسای لە یاسای هەڵبژاردنەکانی تورکیادا، پەیوەندیدار بە بەشداری پارتە سیاسیەکان لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا. مەرجەکە لە بەشی (٣٣) لە یاسای هەڵبژاردنەکانی تورکیای ژمارە (٢٨٣٩) دا دەبینرا و بەگوێرەی مەرجەکە، هیچ پارتێکی سیاسی نەیدەتوانی بچێتە پەرلەمان، ئەگەر لە (سەدا دە) دەنگی دروستی هەڵبژاردنەکەیان نەهێنابایە (Milletvekili Seçimi Kanunu (2839), 1983: bölüm 33)؛ هەرچەندە، ئەو مەرجە ئێستا هەموارکراوە و کەمکراوەتەوە بۆ (سەدا حەوت). شارەزایان پێیان وایە کە مەرجی (سەدا دە) بۆ ڕێگریکردن لە پارتە کوردییەکان دانرابو، تا نەتوانن نوێنەرایەتی

کوردان بکەن لە پەرلەمانی تورکیا. پاش ئەوەی کە کورد ئەو بەربەستەی تێپەڕاند لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠١٥)دا، ئیتر پێویستی تورکیا بە وەها مەرجێک نەما (Electoral Reform Society, (11 June 2015).

[١٢] خۆپارێزی بریتییە لە ڕاگەیاندنێکی یەک لایەنە، کە دەوڵەتێک لە کاتی واژۆکردن یان پەسەند کردن یان قبوڵکردن یان چونە ناو پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی دەریدەکات، بەمەبەستی دورخستنەوە یان گۆڕینی کاریگەری جێبەجێبونی هەندێک لە مادەکان یان بڕگەکانی ناو پەیماننامەکە لەسەر خۆی ((Vianna Convention, 1969, 2 (d)).

[١٣] 'پارتی یەکیتی دیموکراتیک'، کە بە (PYD) دەناسرێت، پارتێکی سیاسی کوردییە، کە لەساڵی (٢٠٠٣)دا لە سوریا دامەزراوە. پارتەکە بە لقێکی 'پەکەکە' دەناسرێت لە سوریادا، بەجۆرێک کە هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی هاوبەشن و پەیڕەوی لەیەک ئەچێندایەکی سیاسی دەکەن و خاوەنی ڕێکخستنی ڕێکخراوەی و سەربازی هاوشێوەن. شایەنی ئاماژەدانە کە ئەو پارتە ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە لە ناو ڕوداوەکانی سوریادا، بەتایبەت لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی سوریا لە ساڵی (٢٠١١)دا ,See: Flight of Icarus) 2014: pp. 1-7).

[١٤] 'یەکینەکانی پاراستنی گەل' هێزی چەکداری کورد بو، کە لە سەروبەندی هەڵگیرسانی سۆڕشی سوریا، لە ساڵی (٢٠١١) دا پێکهێنرا لەلایەن 'پەیەدە'وە. یەکینەکان زۆربەی ناوچە کوردییەکانیان کۆنترۆڵکرد، پاش ئەوەی کە سوپای ڕژێمی سوریا پاشەکشەی کرد لێیان و دواتریش ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا لە بەرگریکردن و ڕزگارکردنی ناوچە کوردیەکان لە دەست چەکدارانی 'داعش'. ساڵی (٢٠١٥)، پاش ئەوەی کە هێزەکانی سوریای دیموکرات دروست بون، 'یەکینەکانی پاراستنی گەل' چونە ناو ئەو هێزانەوە و ئێستا بەشێکی سەرەکی ئەو هێزانە پیک دەهێنن (See: Declaration of Establishment of the SDF, 15 October 2015)).